# دیالێکتیکی شیعر وکلتوری کەڵەگا

جەلیل ئازادیخواز

بالندەکانی ڕۆحمان؛ پاکیزەکانی ئەبەدی

مێژووی جیهان لەکۆیلەتییەوە ناگاتە مرۆڤسەروەری، بەڵکو لەتیروکەمانەوە دەگاتە بۆمبی مگاتۆنی.

" تێئۆدۆرئادۆرنۆ"

ڕامانێ لە ڕۆمانی پاکیزەکانی بیابان

عەبدولقادر سەعید

ڕۆمان دارشتنەوەی جیهانی بوونە؛ بەو جۆرەی کە نووسەر لەئاوەزو هزری خۆیدا هەستی پێ دەکات و واقع پێکهاتەی زەینیی ڕەنگڕێژ دەکات. بۆیە بەمانایەک ڕۆماننووس مێژوو دەدۆزێتەوە؛ نەک دەینووسێتەوە. مێژوو کۆڕوداوێکی زنجیرەیی نییەکە بۆ کۆمەبەستێکی پێشدیاریکراو لە خاڵێکەوە دەست پێبکات و لەخاڵێکدا

کۆتایی بێت. هەڵچوون وداچوون وخولانەوەیەکی زەمەنە کەشوێن وکات دەکاتە دەستەمۆی خۆی و کۆمیکانیزمێک دەیخولقێنن، ڕۆمان لەڕاستیدا سەرقاڵی دۆزینەوەی ئەم میکانیزمانەیە لەهەناوی کات و دیاردەکاندا. خوێندنەوەی ڕووبەری ناوەوەی مێژوو بەجۆرێک دەڤەری کاری ڕۆمانەو ڕووکاری دەرەوەی ئەم مێژووە، ڕووبەری کاری مێژوونووس.

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت کە مێژووی ئەدەبی گەلان دەکرێ دەقاودەق مێژووی ئەوگەلانە نەبێت، هەروەها بەپێچەوانەوە، مەرج نییە مێژووی گەلان ڕێک هەڵگرو ڕەنگدانەوەی مێژووی ئەدەبیی گەلان بێت. ئەگەر مێژوو گێڕانەوەی ڕووداوەکان بێت؛ ئەوە ڕۆمان ڕێک گێڕانەوە وناساندنی هۆکاری لەدایکبوون و خولقانی ڕووداوەکانە.

ڕۆمان سەرەڕای ئەم تایبەتمەندییە، دەقێکە کە هەڵێنجراوی خەیاڵ و ئوستوورە، ئەمەش هەربۆئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە خەیاڵ وئوستوورە لەزەمەنی پڕانی فام وکرانەوەی چرۆی چاوی مرۆڤەوە، دوانەی مانابەخشبوون بە ژیان و کۆی کردەکانی مرۆڤ، لەڕاستیدا دووهەوێنی فەلسەفی ژیانن کە هەم ژیان شرۆڤەدەکەن و هەم ماناشی پێدەبەخشن.

دەمەوێ بڵێم پەیوەندییەکی چەندلایەنەی دیالیکتیکی لە نێوان واقع و خەیاڵ و لۆژیکدا ئامادەیە و ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکە لە ژانەری ڕۆمانی سەرکەوتوودا بە گونجاوترین جۆر ئامادەیەو لە فۆڕمێکی زۆرینەپەسەنددا خۆی دەنوێنێ. ناگونجێ ڕۆماننووس لانی کەم لەو بابەتەی کە دەیگێڕێتەوە؛ ئاوەزمەندو فەیلەسوفانە ڕانەمێنێت و ئەزموونی قاڵبووی نەبێت، بەڵام دەقێکی سەرکەوتوو بخولقێنێ. خوێنەر مەرج نییە هەمان زانین و ئەزموون و قاڵبوونی هەبێت، یەک لە هونەرەکانی نووسەر ئەوەیە کە ئاوەزو زانینی خۆدەگوێزێتەوە بۆ بەردەستبوون و بەردەستبوونێکی فراوان (لەمڕۆی ژیاندا هەرچی کۆمەڵگاو مرۆڤەکان لێک دوور دەکەونەوە وبێگانەدەبن، لە ڕوانگەو چاوی یەکدییەوە ڕازو ڕەمزاویتر دەبن و وەک مەتەڵ خۆدەنوێنن. ئەم بارودۆخەیە وادەکات کە مەبەستی ڕاستەقینەی ڕۆمان بریتی بێت لە هەوڵدان بۆکردنەوەی ئەم ڕازو ڕەمزو مەتەڵانەو کشان لە ڕووبەری سیمای دەرەوە بەرەو کاکڵە و هەناوی دیاردەکان کە هەر ئەو بوونە دینامیکەیە کە جوانیناسی ڕۆمان ڕەنگرێژدەکات و جیهان لە بارگاوی ئەفسوون ڕزگاردەکات وبوون ڕووت دەکاتەوە وەک بوونی خۆی. ئادۆرنۆ ١٩٤٥)

کارەسات کاتێک دەبێتە کارەسات و ڕووبەرێک لە مێژوو بۆخۆی تەرخان دەکات کەویژدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ڕەوشت هاوسۆزی بکەن و لەهەناوی خۆیاندا دەرفەتێ بۆ بەدیاردەبوون وبیرکردنەوەی ئەقڵانی لەئاستیدا دەستەبەر بکەن.

کارەسات لێکترازانی کۆی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانە، لەچرکەساتی ڕوودانی خۆیدا ئەم لێکترازانە کە کۆئەندامی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دووچاری قەیران و خەساردەکات، تاو تاو دەخولقێنێ، هەم شڵەژانی ئەخلاقی و هەم بەرپرسایەتی ئەخلاقی بەرجەستەدەبنەوە. ڕاچڵەکانی کۆمەڵگاو ڕوودانی ئەم ڕەوتە ئاماژەیە بۆ هۆشیاری کۆمەڵگاو تاڕادەیەک تەندروستبوونی ویژدانی کۆمەڵایەتی. ڕۆماننووس لەم ڕوانینەوەیە کە دەخوازێ هەم وەک پسپۆڕێکی کۆمەڵایەتی وئەقڵخوازێکی ئاشنا بە جوگرافیاو مێژو و کلتووری کە دەق لێیدەدوێت دەرکەوێت. سازدان و بوونی پەیوەندییەکی ناوهەناویی پڕسۆزو، ئاوەزمەندانە لەگەڵ بابەت زامنی ئافراندنی دەقی سەرکەوتو و ڕۆمانی شیاون.

ڕۆمانی پاکیزەکانی بیابان هەرچەندە ڕەنگە یەکەم ئەزموونی نووسەر "عەبدولقادر سەعید" نەبێت لە بواری

ڕۆماندا؛ بەڵام دەتوانین بڵێین یەکەم دەقە کە بێ دەمەتەقێ وگومان دەچێتە ماڵی ڕۆمانەوە.

داپیرە: دانای گشتزان، بۆ خۆی فەرزانەیەکی بەئەزموونە، ئەگەر مێژوو خۆی نەبێت لفەدوانەیەکی دانەبڕاوە لە مێژوو. داپیرە ئیتر زمانی پژماوەو لە خۆدواندنێکی دێرینەوە بەرەو دەنگهەڵبڕین و قسەکردن بەدەنگی بەرز هاتوە، داپیرە لە هەناوی کارەساتەکانی گەلێکی قەڵاچۆکراو و هەمیشە لە بەردەم ڕەحمەتی مەرگا دەستەوسان، ئیتر نزاکانی تەنیا بۆ یەزدان نیەو لە هیوایەکی خەیاڵاوی ئەهووراییەوە بەرەو واقیعێکی تاڵ هەنگاودەنێ. دەربازبوون لەم خەیاڵەئەهوورایيە بەجۆرێ کۆتایهێنانە بەهەموو ئەم مەنەلۆگانەی کە گەلێکی قوربانی تەنیا بۆخۆی ولەهەناوی خۆیدا بەهیوای فریادڕەسێ دەیکردو هەمووی پاتبوونەوەی ئەزموونێکی بێبەرئەنجام بوو. ئێستاو لەم چرکەساتەوە مێژووی ئێمە گێڕانەوەو مەنەلۆگ نیە. هاوار ودیالۆگ و دوانی جیهانێکە بانگەشەی مۆدێرنەو دیموکراسی وماف دەکات. هەڵپێچانی پەیوەندییەکی نێوهەناویی، دەرک و فامکردنی کارەساتی ئەنفال، واتەهەستیاربوونی ویژدانی گشتیی

کۆمەڵگای کوردەواریی و دنەی ئەم ویژدانە بۆ خولقان نەک کاردانەوەو پەرچەکردار.

کاری من لەم ڕۆمانەدا کولانەوەی برینەکانی ئێوە نییە، بەقەدەر ئەوەی لە بەرگریتان ئەدوێم.

کاری من مەرگدۆستی نییە، بەڵکوو هەوڵی گەڕانەوەتانە لەدۆزەخەوە بۆ سەرزەوی.

ڕۆماننووس بەدوای ڕەوایەتکردنی مێژوودا ناگەڕێت بۆ نمایشکردنەوەی ئازاری قوربانییەکانیا نووسینەوەی چۆنیەتی کەسەرو ئازار چەشتنی ئەم قوربانیانە. بەکورتی بەدوای دارشتنەوەی کارەساتدا نیە کە نەگونجاوە، بەڵکو بەدوای بیستنی ئەو هاوارانەوەیە کە مرۆڤ لە کارەسات دەترسێنن و، ئاگاداری دەکەنەوە. لەودەمەشدا ئازار و باوەڕە ئەفیونیەکان مەرگ دەکەنە ئامانج و خوازراوێکی بەخواست، دابڕان لەمەرگ و بەرەو ژیان هاتن و، گێڕانەوەی هیوای بوون ئەرکی نوسەرە، تا لەدۆزەخی نەبوونەوە مرۆڤەکان بێنێتەوە وڵاتی بەختەوەری بوون. چاندنی شەتڵی ژیان لەڕاستیدا کۆی ئەو کۆشش و هەوڵانەیە کەلەم رۆمانەدا نووسەر دەیدات ، دەتوانین بڵێین کۆی هەموو هەوڵەکانی خوڵقان و ئافراندنە لە دنیای نوسیندا.

سەرەڕای هەموو ئەمانە هەرلەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم رۆمانەو لەیەکەم رستەی رۆمانەوە دۆخێکی ئوستورەیی بەسەر زمان و دیمەن و، کۆی شوێنی رووداوەکانی رۆمانەکەو، کەسایەتیەکانەوە دیارە.

ئاسمان شین شینە. باڵندەیەک، بە بەرزایی کێوێکی بڵند، بە ئاسمانی ئاواییدا، دێت ودەچێت ! باڵەکانی لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکێنەوە :

باڵندە. باڵندەیەکی نەناسراو و رازو، رەمزاوی، کە هەناسەیەکی ئەهورای و دیمەنێکی نەبینراو و، جوڵەیەکی سیحراوی گەمارۆی داوە و، لەخەرمانەیەک لە خەیال و واقیع وهیوا و، توانای سەرو دەسەڵاتی ئاسایی مرۆڤ و بوونەوەرەوە خۆدەنوێنێ. بوونەوەرێکی هەمیشە ئامادە و، خوازراوی ناو گوتاری کوردیەو، وێژەو ئەدەبی کوردیی پڕپڕە لەم باڵندە ئوستورەییە.

نازانم بۆ لە کلتوری ئێمەی کورددا دیاردە گەورەکان سەرەڕای بونێکی تراژیک هەمیشە هەڵگری سیمایەکی ئوستورەین.

باڵندە سومبولێک بۆ پاکی. بەرزەفڕی، سەر نەوی نەکردن و، دەستەمۆکردنی ئازارو لەخۆ بووردەی و،

گرنگتر لە مانەش لێبوردەیی لەکاتێکا کە کارەسات بوونت دەکرۆژێ.

ئەم سومبولە هەر لەکۆنە حکایەتەکانی کوردەوە تا چێرۆکی مۆدێرن و، رۆمانمان ئامادەیە. هەندی نیشانە هەن لەویژدانی گشتی کۆمەڵگادا کە بۆخۆیان دەرئەنجامی ژیانی هاوبەش و مێژوویەکی فرەن وە تەنانەت دەتوانین بڵێین دەرهاویشتەی برینی یەک فراماسوینن لە ژیانی گەلاندا لەهەموو چرکەکاندا ئامادەن.

ئەم باڵندە سیحراوییەی ئەدەبی کوردیی لەراستیدا سومبولێکی کلتوری هاوبەشمانەو، لە ویژدانی کۆمەڵایەتیماندا ئامادەیە. هەر لە سیمرخ و جوتە کۆتری دەستە خوشکی حکایەتەکانی دایە گەورەمانەوە تا توشای یاقوتی و، باڵندەکانی دەم باو، شارەکەی بەختیارعەلی و، پاکیزەکانی بیابانی عەبدول قادر سەعید ئامادەن.

کەڵک وەرگرتن لەم نیشانە هاوبەشە بۆ؟ بۆ لە قوڵایی مێژووی ئوستورەکانمانەوە ئەم باڵندانە دەگێڕینەوە ئەمڕۆی بوون و کارەساتەکانمان ؟

ئایا دەیانهێنینەوە کە هەر ئەرکە دێرین و، کۆنەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و دەستگیرمانبن بۆ کەشێکی ئەفسوناویی و، کەمکردنەوەی باری ئازارەکانمان و

ئامێزیان بکەینە هێلانەی ڕازە بۆکەس نەوتراوەکانمان؟! ئایا دەمانەوێت لە پێکهاتەی ئێستای ژیان و بوونماندا هەر هەمان ئەرکیان بۆ دانێن؟ یا وەک بەشێک لەبوون و ویژدانی گشتی کۆمەڵایەتیمان لەئاست خۆمان و جیهانی دەرەوەماندا دەیانکەینە هێمای ئازادی و پاکی و، لێبوردەیی وحورمەت لە مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و، پێکەوە ژیانێکی شیاوی بەرامبەر؟ ئوستورەکان هەمیشە ڕەگێکن عەوداڵی دادوەریی و لە ژینگەی ئینسانی وهەرێمی ئازادیدا بنج دادەکوتن. ئایا لە پاکیزەکانی بیاباندا نووسەر ئەم باڵندانە دەقاودەق وەک خۆیان دێنێتەوە وئەرکی تازەیان لە ئەستۆناخات. ئەگەر داستانی دوناو دونە و، دونی ئەم کوردە کە رۆحێکی ئاوارەی ئەبەدیە دەبێ ئەم هەزار ویەک دونە تەی بکات و لە پردیوەرەوە چریکەی پاکبونەوە بچرێ؟! لەمێژە بریویەتی. لەکۆلیلی خاتو دایراک و دووبەیتیەکانی باباوە و، ئەوکاتەی بوون لە هەناوی گوێچکە ماسیەکەوە وەک مرواری خزایە ئامێزی مرۆڤ و، مانا لەدایکبوو، ئێمە تائێستا هەر دوناو دونین. ئەوەتا نووسەر دەڵێت:

یەک لەو جاشە چەک بەدەستانە بەتەقاندنی چەندگوللەیەک. خەیاڵی هەموان تێک دەئاڵێنێ. کەس

نەیزانی ئەم باڵندە سەرسوڕهێنەرە پێکرا یانا؟ بەڵام بەچاوی خۆی ئەو چەند پەڕەسپیەی بینی کەلەئاسمانەوە بەرەوزەوی بەسەمایەکی شێتانە هاتنە خوارەوە و کەس فریای ئەوە نەکەوت بزانێ کەوتەکوێی ڕێگاخۆڵینە پڕ تەپوتۆزەکەوە. جگەلەپەڕێکی تەنیا کەکەوتە کۆشیەوە ئەم بۆ یادگار خستیە ناو کەوا سورمە چنکەیەوە گوڵچین زۆر خۆشحال بوو:

خۆ جاشە چەک بەدەستەکە کوردەو مرۆڤێکە بە تەواوی لەویژدان و ناسنامە داماڵراوە بووەتە باربەری تاریکی و، ئاور لە هێماکانی نیشتمان و ژیان بەردەدات. هەربۆیە شیاونیە نە پەڕی باڵندە ببینی و نەهەڵگری ئاماژەی نەتەوەیی و شوناسی نیشتمانی بەفر وباڵندە بێت. ئەوە گوڵچینە کە لەدونێکی ئەبەدی و ئەزەلیدا ئەرکی پاراستنی جوانیی ئەبەدی وشوناسی وڵاتی کوێستان ودارستانی پێ سپێراوە. هەموو ڕەشایەکانی جیهان لەکەیە لەگیان و زەبری لە کەرامەتی مرۆڤایەتی گوڵچین و کچەکان و ئەنفالەکانمان نادەن. پەڕێکی سپی بە بەرباخەڵی کەوایەکی سورمەچنەوە لە بەژنی کچە کوردێکا. سێ ئاماژەی بەرجەستەو سێ نیشانەی گرنگ کە بەرەوە نیشانەی ناوەندی وئاواتی ئەبەدی دەمانبات، دەڵێ

ڕێبوارانی ئازادی وسەرفرازی بەدیلی وسەربەستی هەر دەناسرێنەوە، ئەرکیان رزگاری مرۆڤایەتیە لە تاریکی و نەزانی و داگیرکاری، دەرخستنی ئەم راستیەکە ئەم گەلە لەسەر تاتەشۆری مەرگ سەمای ئازادی دەکات و هەناسەکانی دیلی خەرمانەی سەرهەڵدانێکی تازەی رزگارین.

ئاسمان هێندە جێگای هیوایەکە باڵندەیەکی سپی پیادا بفرێ و شاندی گەیاندنی پەیامی ئاشتی و لێبوردەیی بێت. ئەگەر بڕیارە مرۆڤ و ژینگە بگۆڕین و رووداوێ روبدات کە چارەنوس و ڕێڕەوی بوون و ژیانی مرۆڤ بگۆڕێت ئەوە تەنیا زەویە کە دەتوانێ ئاوەها بوون و بزاوتێ بخولقێنێ و، خۆ سپاردنە دەستی ئاسمان راکشان لەسێبەری کامەرانیەکی مەحاڵدایە.

بەڕاستی نووسەر باش توانیویە ئەم ئوستورە پاکەی بوون و باڵندەی چارەنوسمان بەبوونێکی ئێستایی و زەوینی و لەبەردەستدا گرێبدات، کە شیاوی ئەوەبێت مرۆڤ خۆی ئەنجامی بدات و خاوەنی چارەنووسی خۆی بێت.

نازانم خۆ ئەوان لەزمانی ئێمە وئێمەش لەزمانی ئەوان تێنەدەگەیشتین، بەڵام خۆ ئاسمان لە هەردووکمان

تێدەگەیشت. ئەی کەتیدەگەیشت بۆ نقەی لێوە نەدەهات؟

ئەو سوپاو کەسانەی کە هەزاران ساڵ پێش ڕێگاکانی پەنابردن بۆ ئاسمان وگازەکانی ڕوو لەئاسمانیان بە دەیان ئەنفال بۆهانین. ئەوەتا دیسان لەسەردەمی نوێدا بەئەنفالێکی تر و بەڕێگایەکی تردا نەزۆکی هەموو گازەو نزا و ڕێگاکانی ئاسمانمان بۆ بەرجەستە دەکەنەوە. ئەم هاوارە زەوینیە، تەنیا لە دەرە و چیاو شار و بوونەکانی خاکدا دەبیسترێن و ئەوانیش هەموو هەوڵیان هەرئەوەیە کەئێمە لەبیر خاک بەرنەوەو خاک لەئێمە غەوارە کەن.

مامۆستا ماڵی خوا زۆر دوورە؟

دوورنیە. ڕەحمی خوا لەپێڵوی چاوی خۆت نزیکترە.

مامۆستا ئەی کەی دەیگەینێ؟!

زریکەی ژنان وگریانی منداڵان. بیابانی پڕکردبوو، وەک دەنکە تەرزە منداڵە نابالقەکان هەڵوەرین........مردن چنگ لەسەر شان بەشوێن ئێمەدا ڕایدەکرد:

مێژوویەکە میهرەبانی ئەم ماڵە لەزاری ئەوانە بانگەشەی بۆدەکرێت و، تەنیا لەلۆچی دەستەکانی ئەواندایە کە مانا پەیدا دەکات و ئەگەری دەرکەوتنی هەیە. چ تراویلکەیەکی هەڵخلەتێن، مەخابن مەلای

تاسەرئێسقان باوەڕ و کوڕوزانەوە لە داماوترین کات وپێویست ترین چرکەساتدا کە هەنوکەیە جگە ستایشی مەرگ و، خۆ هەڵواسین بە تراویلکەی باوەڕێکی نەزۆکەوە هیچ، هیچی نەک بۆ دیتران بۆخۆشی پێ نیە. ئەم گێرانەوە هەڵدانەوەی ئەبەدیەتی کارەساتێکە بۆ هەزاران ساڵ گەلێکی لەچنگاڵی خۆیدا ئەسیرکردوە. ئەنفالە یەک لەدوای یەکەکانی مێژووی کورد وئەفسانەی برایەتی لە دیندا لەمە زەقتر و، روونتر چۆن دەکرا درۆ بوون و فریوی دەربخرێت. رەنگە تەنیا دەق بتوانێ کاری هەزاران ساڵەی بگرەو بەردە فکریەکان بکات و بتوانێ بانگی رسوایی داگیرکاری وئەلینەبوون و سڕینەوەی ناسنامە بدات. کام بەڵگەو مانیفێستی ئەندێشە وباوەڕ دەیتوانی پووچ بوونی ئەم باوەڕە دەرخات بۆ قوربانیەکانی ئەم دیاردە کە موتڵەق و بێ واستە لەئاستانەی بەزەیی یەزدانی وشمشێری مەرگی بانگخوازەکانیدا وەستاون.؟!

گرێ نیکا تابلۆیەکی چەندین سانتی فاشیزم و هەموو بوون و پێکهاتەی بەجیهانیان نیشان ئەدا، بۆ رۆمانی نەتوانی ئەنفال و هزر و باوەڕی پشت ئەنفال نیشان بدات. گرێ نیکا رووتکردنەوەی دیاردەی فاشیزمە کە ئیسپانیای کردبووە گۆمی ئازار ودەریای خوێن و

سەرزەمینی مەرگ. راستی ئەنفال و بانگخوازانی ئەم وڵاتە و تاراٖدەیەک هەموو دەڤەرەکەیان هەر دووچاری ئەم سەر نوشت و چارەنووسە نەکردوە.

فاشیزمی ئەنفال و فاشیزمی گریێ نیکا لە کردار و چاندنی مەرگدا چیان چیاوازە؟!

ئەو پردە پتەوە سۆزداریەی کەهونەرمەند بە کارەسات ودیاردەی ئەنفالەوە هەڵیدەبەستێت و ئەندێشە بەم مێژووەوە گرێدەدات دەبێ بتوانێ فاشیزمی پشت ئەنفال لەهەموو بەرگ و توێکڵێ داماڵێت و لەدادگای ویژدانی جەماوەردا بەداوەری بسپێرێت.

مەڵبەندی ئێمە زۆنی دەسەڵاتی زەبروزەنگ و، نائەقڵانی و زاڵبوونی گوتاری مەرگ و کاولکاری و لەناوبردنە. ئەنفال نمونەی زاڵبوونی ئەم دەسەڵات و گوتارە کاولکارە نائەقڵانیەیە. ئەگەر ئەنفال نەیتوانیوە هۆلۆکاست بێت، ئەوە ناتەندروستی ویژدانی کۆمەڵایەتی ئێمە و کۆمەڵگاکەمانە. کەهێشتا لەژێر کاریگەریەکانی گوتاری ئەنفال خولقێن و نابەرپرسایەتی ئەخلاقی دەسەڵاتدارانی خۆیا لە وەنەوزدایە.

ئەزموونێکی تاڵ و ئەتکی مرۆڤایەتی، دووبارەبوونەوەی کۆمیکی مێژوو، نا، هەزارپات بوونەوەی تراژیکی مێژوو لەم

سەرزەمینە ئەسیرەدا. شەڕی جیهانی وهەتکی مرۆڤایەتی و هۆلۆکاست، بەمەسلەخ بردنی گەلێکی هەمیشە ئاوارەو هەڵپەی نازیسم وفاشیزم و ماشینی مرۆڤ هاڕی شەڕ کەتائەمرۆش تاو و یاوی ئازاری لە ویژدانی بەرینی مرۆڤایەتی دا بەسۆ وئازارە، لەئەندێشەی مرۆڤێکی رووناکبیری جولەکەی رۆژنامەواندا دەبێتە ئەنفال وهەموو کەسەر ونوستالۆژیاو وێرانیەکانی رۆح وئاوەزی جارێکی دیکە دەکەونەوە بەر گژەبای کارەسات و، ئەنفال دومەڵی چڵکنی شەرافەتی مرۆڤی سەردەم دەیبەنەوە بۆخەباتی رزگاری گیان و چۆک دانەدان بۆ مەرگ.

داڤید، داود پەیامبەری رزگاری وپادشای دەسەڵات. رەنگە داڤید وانواندنەوەی داود بێت و لەم رێگایەوە مەزنە پەیامبەری جولەکە هاتبێتە ناو کەسەری کوردەوە تابزانێ چارەنوسی هاوبەشی کوردو جو هەریەک شتە. راستە ئەوان فاشیزم و نازیسمی ئەوروپا وایلێکردن و کورد لە سەردەستی دراوسێ و هاو باوەڕەکانیدا، بەڵام هەر یەک شت بووە. مەرگ و هەتک و کارەسات و کاولکاری. گوتاری زەبروزەنگ و جیهانی پڕ لەوێرانی و دوکەڵ و هەڵتەکاندنی هەموو جوانیەکان.

داڤید ڕووناکبیرێکی رۆژنامەوانە کە ئازاری ژێردەستی و کەسەری کۆمەڵکوژی وبەکۆیلەکردن باش دەناسێت. داڤید هەدا نەدان لەویژدانی ئازار کێشیدا نەخشاوە. ناتوانێ بەدیار ئازارەکانی کچانی ئەنفالەوە بێ هەڵوێست راوەستێ و تەماشای توانەوە و سوتانیان بکات و جوڵەیە نەکات.

داڤید باش دەزانێت یەکەم هەنگاوی هەستان و رزگاری وشیاری زەین و کرانەوەی ئاوەزە یەکەم هەنگاوی ئازادی دابڕانە لە دەقگرتوی خدەو نەریت وکۆتەکانی ئەقڵە.

داڤید هەستا، قەڵەمە بیرچووەکەی لەسەرمێزەکە هەڵگرت و خستیەوە گیرفانیەوە. چاوەڕێی هیچی نەکرد، بەناو عەشاماتەکەدا تێپەڕی. زارا حەپەسا، هەردەیڕوانیە ئەم پیاوە ڕەفتار غەریبە، کە لەتاریکی ئەوگۆشەیەوە تا تاریکی گۆشەی لای دەرگای چوونە دەرەوە دەیتوانی بیبینێ:

چەند ئاماژەی شیاو لەم بڕگەدا لەلایەن نووسەرەوە خۆدەنوێنن. لەبیرچوونی قەڵەم، سومبوڵی بۆزانین و تێفکرین و کردنەوەی دەرگاکانی زانین، درەوشانەوە لەنێوان دوو تاریکیدا بۆ دەرکەوتنی رێگا، ڕێگای چوون بۆ دەرەوەی ئەم هەڕاجخانەیەی سۆزو دەمچەوتیە

بەکەرامەتی مرۆڤایەتی. بۆ خوێنەر بەڕاستی جێگای رامان وشیاوی دەستخۆشانەیە کەلەدەریای سەمای تیشکی شەوقە رەنگاورەنگەکاندا نووسەر نێوان دوو تاریکی دەکاتە ئامانج و داڤید وەک باوەشە تیرژێ نێوان ئەم دوو تاریکیە دەبرِی و رێک بەرەو دەرگای دەرچوون لەم زوباڵە خانەیە نیشان دەدات.

لەڕاستیدا داڤید بە بەراورد بەئەو تاقەکچە ئەنفالکراوەی کورد کە لەئەم یانەیەدا ئەسیر کراون خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەیە. شارەزا بە باوەڕو نەریتی هۆلۆکاست و ئەنفال، ناسینی ئەم دنیا تاریکە کەجگە کاولکاری ومەزرای مەرگ و هەتکی مرۆڤایەتی شتێکی دیکەی پێ نیە، هەروەها رێگاکانی دەربازبوون و پشت لەجیهانی تاوانی ئەمانە باش دەزانێ ورێگاکانی دەناسێ.

بوژانەوەی هەستی خۆبەکەم نەزانین و باوەڕبەخۆکردن لەهەناوی کۆمرۆڤێکی ئەسیرکراودا کە هەوڵدەدرێت لەشوناس و، ژینگەو بون و هەموو یادەوەریەکانی خاک و کلتور دابماڵێنرێن و، ساتانە بە بەرنامەو گۆپاڵی زۆر و ریکلام بەرگی ئەسیری و کلتوری داگیرکەرەکەیان بەبەریاندا دەکرێت، بەڕاستی ئەستەمەو

داڤید دەبێ لە خۆی و پاشخوانی فکریی وکلتوری و حەوسەڵەی راوەستانی خۆی ئەرخەیانبێت تا بێتە ئەم جیهانەوە.

ئەم مرۆڤە ئەنفالکراونە وەنەبێت هەر جەستە و بوونیان کەوتبێتە بەرزەبری گۆپاڵی سوکایەتی وهەتککردن و سڕینەوە، تەواوی مێژوو ، کلتور وە بوونیان لەژێر زەڕیدایەو ئەوەتا تەنانەت لە ناوەکانیشیان ناگەڕێن. ئەوەتە دەیانکەنە ام کلثوم و حفصەو..... هەوڵەدەدەن لەبیر خۆشیانیان بەرنەوە چبگاتە دەوروبەرو دەرەوە.

خەیاڵ ئەم تاقانە ئازادەی دەستەمۆ نەکراو وکۆت نەکراوی سەرەڕۆیان و ملهوڕان و دیکتاتۆران، دەتوانێ دەرگای زۆر ئارەزووی نەکراو بکاتەوە و لە جیهانێکی سەرانسەر فانتازیایدا بەباشترین جۆری گونجاو شرۆڤەی ئازادی و رزگاری سەرخۆبوون بکات. باڵی خەیاڵ دەتوانێ هێزی زۆرلۆژیکی رئال تێکبشکێنێ ودنیایەکی پڕتەنگەشەو ئاستەنگ هەمواربکات و چەکەرە بەهەودای ئازادی و سەربەستی و مرۆڤ بوون و جیهانێکی پاک بکات.

با هەوڵ بدەین، خۆ ئەگەر بەڕاستیش رزگارمان نەبێت ئەوا بەخەیاڵ ڕزگارمان دەبێت بەخوا بەخوا خەیاڵ نیوەی حەقیقەتە. بەخوا شتێکی ماوە بۆ نیوەکەی تریش:

ڕەوایە زەین و ئەندێشە ئەگەر لەدنیای خەیاڵیشدا بێت سەودای رزگاری و ئازادیەتی ئیرادەو بڕیار هەرگیز ناتوانێ لە هەرێمی زەین و خەیاڵ خۆی دەربازکات و ویستەکانی ڕەجاو نەکات.

بەباڵی خەیاڵ و لەسەر شاباڵی سیمرخ دەشت وچیاو هەنگاوبەهەنگاوی زێد دەگەڕێن و پەیتا پەیتا هەواڵی بوژانەوە وژیانەوەی کوردستان لەرێگای داڤیدەوە دەگاتە کچەکان و کچەکان لەهەردوو رووبەری زەین و بڕیاردا ئامادەی کۆچ دەبن. کۆچ بۆ مەملەکەتی مێژوو بۆ خوێندنەوەی زامەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و کۆمەڵکوژی و زیندەبەچاڵکردنەکان و رەشەبارانی کیماویی و هەڵقرچانی زەوی و ئاسمان.

لەم سەفەری ئازار و هاتنەوە بەمەزرای کسپەدا لەداوی دێو و هاوکاری سیمرخ و لەخۆبوردەی داڤید تێدەپەڕن و بەهرەمەند دەبن و بە شاباڵی سپی بەبریقەو جیهان دەکەنە گۆڤەندی درەوشانەوە وباڵندە.

لەم سەفەری بوون و ژیانەوە وگەڕانەوە و، خۆ دۆزینەوەیەدا، مەخابن جێ پەنجەی سەرکردەکانی گەل و بڵندگۆکانی شۆڕش دیارنیە. وەک ئەوەی ئەوان بەشێک لەئازاری ئەم کۆمەڵگا هەڵتەکاوەنەبن و نۆرمەکانی رەوشی

ئەوان نەشڵەژابێت بەجۆرێ وەک کورد دەڵێت نە بایان دیبێت و نە باران. وادیارە نووسەر دەیەوێت بڵێت دنیای ئەوان هەنوکەیە و ئازارەکان بەشێک لەمێژووی ڕابردون، کەتەنیا لە ڕابردودا شیاوی ئاوڕدانەوەن و نایانەوێت چێژی ئەمرۆیان بەم کارەساتە تاڵکەن.

دەزانم کچینە، دەزانم ئەوەی مەسەلەی میللەتەکەی ئێوەی بەدنیا ناساند دڕندایەتی دوژمنەکانی بوو، نەک ژیری وزرنگی ڕابەرەکانی دەزانم ئا دەزانم:

کەی ئەنفال دەبێتە بەشێک لەبونمان و، جێگای هەمیشەیی خۆی لەویژدانی کۆمەڵایەتیماندا پەیدا دەکات و یەک لەڕەگەزەکانی ناسنامەو، مانەوەی کلتور و شارستانێتمان دەبێت ئەو دەم ڕەنگە تازە دڵۆپەی ئارەقی شەرم بەناوچاوانیاندا داچۆڕێت.

هەریەک بەجۆرێ سەرسامی خۆی دەردەبڕێ بەڵام پۆل پۆل باڵندەی سپی لەسەرشان و دەستەکانی ئەوانیش دەنیشتەوە. هەموو پێکڕا جۆرە قریشکەیەکی غەمگینیان دەچڕی. درەختی سەرشەقامەکانیش سپی دەچووەنەوە قەدی هەموو درەختەکان بوون بەجێ دەنوکی هەڵکۆڵراوی ئەوان، هەزاران پیتی جۆراوجۆر خیچ تەنانەت وشە و

ڕستەی ناتەواویان لەسەر تۆمار کردبوو، کەکەس نەیدەتوانی حونجەی بکات و بیخوێنیتەوە.

لەهاتنەوەی ئەم باڵندانەو خۆدۆزینەوە و ژیانەوە و سەرهەڵدانەوەدا نازانم بۆ پەڵەیەکی ناپێویست دەبینرێت کەنووسەر دەیەوێت هەرچی زووتر کۆتای بەرۆمانەکەی بێنێ. وادەزانم ئەم کۆتاییە هێشتا زۆری ماوەو خوێنەر بەتەواوی تێر نەبوە لەچیرۆکی گەڕانەوە و ژیانەوە کەنووسەر کۆتای بە رۆمانەکەی دێنێت.

بریا نووسەر جەلادو قوربانی نەدەکردە باڵندەو ئەو سنورە ناسکەی کەلەنێوان جەلادو قوربانیدا کێشاویەتی بەهیچ پێوەرێکی رەوشتی وئەقڵی و هیچ بەڵگەیەکی لۆژیک پەسەند جەلاد ناتوانێ هێندە لە قوربانی نزیک بێت چ لەفۆرم و چ لەهەناودا کە تەنیا بە هەندێ خاڵ بناسرێتەوە.

لەدورەوە هەستیانکرد هەندێ لەباڵندەکان ڕەنگیان جیاوازترە لەوانەی تر هەندێ لەو پەلەوەرانە سەر باڵیان خاکی ونێوچاوانیان ڕەش ڕەشە. لەنێوەندی نێوچاوانیاندا شتێ لەشێوەی داڵێکی پەلاماردەر نەخشاوە ئەوان سەرسام بوون بەم پەلەوەر دەگمەنانە:

زمانی کاراکتەر و قارەمانانی رۆمانەکە بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی ونوێنەرایەتی تیپی کەرۆڵی دەگێڕن تاڕادەیەکی شیاو لەبار و خوازراوە لە هەندی شوێندا نەبێت کەنووسەر لەبری کچەکان بیر دەکاتەوە و، زمان و ئەندێشەی خۆی تێکڵاو بەدنیای ئاوەز و ئەقڵی ئەوان دەکات.

درەختەکان هەرسەوزن. تاڤگەکان هەر لەهاژە ناکەون، ملیۆنان داربەڕو هێشتا هەربەپێوەن ئەستێرەکان ئاسمانیان جێ نەهێشتوە خۆر لەئاسۆوە هەڵدێت و لەئاسۆوە ئاوا دەبێت. لەکوێوە دەست بکەن بەگەشتی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان:

جەلیل ئازادیخواز

٢٠١٤/١٢/٢٠

هیجرەتی سەحرا بە کۆڵ

پێش هەرشتێک من لای خۆمەوە گومانم نییە کە شێرکۆ شاعیری مرۆڤ و خاکە. شێرکۆ لە چەمەری و مەرگەساتی مرۆڤی کوردەوە دەبێتە بلاوێنی خاک، خاکێ کە هەموو بوون و هەویاو پرس و ژیان و جوانییەکانی ئەم مرۆڤەی لەخۆیدا ڕەنگڕێژ و موتوربە کردووە. خاک، خاکێ کەهەموو ئازار و تراژدیا نەبڕاوەکانی ئەم مرۆڤەشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، لەڕاستیدا ئەم خاکە و ئەم مرۆڤە دوانەیەکی لێک جیانەکراوەن، کە نەزەمەن و نەزەمین توانای سڕینەوەی هیچ کامیانی بەتاک نییە. چارەنووسی سڕینەوە و پاککردنەوەی هەرکامیان بەسراوە بەوی دیکەوە .

لەڕاستیدا، لەمەکۆی ئاوەز و ئەندێشەی شێرکۆدا، سێ

ڕستە و بوونەوەر لێک دانەبڕاو و گرێدراوی یەکن: مرۆڤ، خاک، مێژوو. دەستبردن بۆ هەرکام لەم زاراوانە، بێ فامکردنی ئەو پێوەندییە دیالێکتیکەی کەلەهەناوی ئەم سێیانەدا هەیە خەسارە و، بە باوەڕی من نەناسینی تێرمی کار و شیکاری هۆنراوەکانی شێرکۆیە.

شێرکۆ کەمرۆڤ و خاک شرۆڤە دەکات، لە ئازارەکانی خاکەوە مرۆڤ وێنا دەکات و مێژوو دەگێڕێتەوە. هەروەها لەئازارەکانی مرۆڤەوەیە کە داگیرکارییەکانی خاک دەلاوێنێ و رزگاریی خاک و مرۆڤ دەبنە مەکۆی سەرنج و هیوای بوون. لە ژینگەیەکی داگیرکراو و کۆلۆنیکراودایە کەمرۆڤەکان بارگاویی داگیرکراوی و پاشکۆ بوونن و هەموو چرکەساتێ مەرگەساتێ دەیانهەژێنێ. لەناسینی مێژووی داگیرکراوی خاکەوە و مرۆڤە ئازادی زەوتکراوەکانیەوەیە کە شێرکۆ تاقوڵترین لایەکانی بوونی نەتەوە و کلتور شۆڕدەبێتەوە و جارێک چەمەری خوێنی هەموو ئازادییە زەوتکراوەکانی خاک و، جارێک هاواری نەسڕینەوەی مرۆڤەکانی ئەم ژینگە دیلکراوەیە. لەم رەوتەی ناسیندایە کە ئەفسانە، ئوستوورە، نەزیلە و باو و داستان و وێژەی زارەکی و هەموو شکان و راپسکان و

نووچدانەکانی ئەم مرۆڤ و زێدە دەبنە بەشێک لە بوون و تێگەیشتنی شێرکۆ.

شێرکۆ لەهەزم و فامکردن و ناسینی ئەم کلتورەدا وێنای مێژوو ناکات و هەموو ئەم ئامرازانە کەخۆیان ڕەگەزەکانی ئافراندنی مێژووی نەتەوەن، لەکن ناسیۆنالیزمە یەک رووبەرەکان، نەک هەر بەم مەبەستە بەکارناهێنێ، بەڵکو هەموویان کۆهۆکارێکن بۆ مانەوەی مرۆڤ و خاکی داگیرکراو لە مێژوودا نەک سازدانی مێژوو. هەرچەندە ڕەنگە وا لێک بدرێتەوە کەمانەوە لەمێژوودا هەمان سازاندنی مێژووە، بەڵام نا، مێژوویەک کە ناسیۆنالیزمی زێدەخواز وێنای دەکات لەسەر بنەمای دەستهاویشتن و خۆبەبەرترزانین دەوەستێ، دوو ڕەگەزی پڕمەترسی کەهەموو قسەی شێرکۆ نەفی ئەمانەیە. شیعری شێرکۆ هەر لەیەکەم وشەوە تا "خێراکە مەرگ خەریکە دەگات"، هەرهەموو دڵەڕاوکێی مانەوەی مرۆڤێکە کە دەخوازێ لە خاک و مێژوو وەدەرنەنرێت. شیعری شێرکۆ یەک ڕەهەند نییە و کۆی بابەت و بەستێن و بوارەکانی ژیان و بوونی ئەم مرۆڤە داگیرکراوە بەسەردەکاتەوە. نەریت و پاشکەوتەیی و قووڵکردنەوەی ئازادی و سەرفرازیی ژنان و رزگار بوونیان

لە چەوسانەوەی چەند لایەنە. ڕاستە شێرکۆ هۆرەچڕی خەمەگەورەکانی مرۆڤ و خاکە، وەک ڕووناکبیرێکی ڕەخنەگر لەپرۆسەی ئافراندن و ڕەخنەدا بەها و بایەخە مەزن و گەورەکانی وەک رزگاری، ئازادی، داد و دیموکراسی و مرۆڤویستی دەکاتە مەکۆی سەرنج، بەڵام خۆی تەنیا لەم جیهانە ناسراو و قەبەیەدا ناهێڵێتەوە و زۆر ورد و هۆشیار هەموو پاژە پەراوێزکراو و پەراوێزنشینەکان بەسەر دەکاتەوە. هونەری گەورەی شێرکۆ ئەمەیە کەهەرگیز ئەم پاژانە تەنیا نایەڵێت و لەگەڵیان دەژی. خەمی نان و رزگاریی خاک و کۆمەڵگەی کراوە و ژنی سەربەست و بەبڕیار و ژینگەیەکی پارێزراو، ئازادیی هزر و ئەندێشە و دادوەری، هەموو پێکەوە گوتاری شیعری شێرکۆ پێک دەهێنن .

کردنەوەی گرێکانی دنیای جوانیناسی، دنیای شێرکۆ و ئەو جیهانەی کە لەسەرشانی ئەزموونی دنیای گۆڕان و پێش گۆڕان و دوای گۆڕانەوە ئافراندی، لە ڕێگای پرۆسەی وەفاداری بەخاک و مرۆڤ و هێڵانەوەی ئەم مرۆڤە و خاکەوە لە مێژوودا گونجاوە. زمانی حەماسی، لیریک، شرۆڤەیی و زۆری تر لای شێرکۆ ئەگەر ئامادەن، بە

جۆرەکانی تری دەقی شیعرییەوە وەک دەقی بڵندی کراوە وەک خۆی دەڵێت، هەموو لەخزمەتی ئەم گوتارەدا بەکاردێن. وەک هەموو شاعیرە مەزنەکان، جیهانی شیعری شێرکۆ جیهانێکی رەنگاڵەی فرە رەهەند و فرە رەگەز و زۆر بابەتە کەتێیدا دیسکۆرسی زاڵ رزگاریی مرۆڤ و خاکە و، مانەوەی ئازادانەی ئەمانە لە رەوەندی ژیان و مێژوودا. وە تادوا چرکەکانی مان و بوونی، شێرکۆ بەم ئاواتە نەگەیشت، وەک هەموو مەزنە شاعیرانی دیکەی جیهان کە نەگەیشتن. راستە هەناسەی خەمەکانی شێرکۆ بۆنی زێد و جوگرافیایەکی دیاریکراو دەدەن، بەڵام ئەم هەناسە و بۆنە لە کۆشکی وشە و زمان و فامکردنی ئەو مرۆڤەدا جیهانین و خەمی هەموو بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەز و خوازیاری جوانی و ژیانن. لە راستیدا رازی جیهانی بوونی شێرکۆ دەتوانێ ئەمە بێت.

خوڵقان و ئافرادنی دنیای شیعری شێرکۆ بێگومان بەکۆ قۆناغێکدا تێپەڕیوە و زۆر ئەزموونی پێش خۆی لەپشتەوەیە. راستە کەدەڵێن ئەو ئەزموونی (گۆران)ی بووە، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین گۆران خۆشی کۆئەزموونێکی گرنگ خولقاندیان . ئەدەبی تورکی و

فەرەنسی و جیهانی لە جێگای خۆی و کاریگەرییان بەڵگەنەویستە . بەڵام گیانی حەزرەتی مەولەوی و هەناسەی حەزرەتی بێسارانی و لەیەک واتادا هەموو تایبەتمەندییەکانی هەردوو رەگەزی شیعری رۆمانسی و کلاسیکی کوردی و هەموو ئەزموونی زمان و جیهانی جوانیناسانەی زاراوەی گۆران، لەپشت ئەزموونی مامۆستا گۆرانەوەن، سەرەڕای تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی، بە مەزەنە لوتکەکانی وەک نالی و مەحوی و... هتد. کەوایە دەتوانین بڵێین گۆران تاسەردەمی خۆی و ئەو چرکەساتەی کە هەندێ وردە وەرچەرخانی ئەدەبی دەبێت، وەک سەرتاپای مێژووی شیعری کوردی ئامادەیە و لە واقعدا گۆران کاکڵەی ئەو ژانرەیە، تا چرکەساتی وەرچەرخانی راستەقینە کە لەلای شێرکۆ روو دەدات. دەخوازم بڵێم شێرکۆش وەک گۆران گوشراوی کۆی تایبەتمەندییەکانی مێژووی شیعری کوردییە، تا چرکەساتێکی دیکەی وەرچەرخان. ڕوونە کەزمان، دیمەن، روانین و روانگە و هەموو وێنە و رەگەزەکانی ژانریی شیعری کوردی، بەهەموو گۆڕانەکانی مێژووی خۆیەوە، لەدەقەکاندا دەگاتە گۆران کە جارێکی دیکە هەمووی ئەم رەگەزانە دەخاتە بەرچاوی و جیهانێکی دیکە دەخوڵقێنێ،

جیهانێک کە تائێستا لەدەقەکانی پێش خۆیدا نەڕسکاون و نەخوڵقاون. لەراستیدا مەزنەکاری گۆران گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجە نییە، بەڵکو گۆڕینی زمان و خەیاڵ و هزر و ئاوەز و دنیای شیعری کوردییە، بە جۆرێ کەلەگەڵ قۆناغ وهەستی مرۆڤی کوردی هاوچاخدا بێتەوە. ئەو پرۆسەیە کە کەسانی دیکەی وەک هەردی و برایم ئەحمەد خۆیان لێدا، بەڵام لە دورگەی زۆر چکۆلەتر لە گۆران، وە پێش شێرکۆ چاویان بڕییە کورەی ئەم ئاوات و گۆڕانە، بەڵام نەبوون بە گۆران و نە گەیشتە شێرکۆش. بۆیە لەهەڵچونی باڵای شعری شێرکۆدا، وەستان و ڕامان لەمانە و لە هەموو ئەو رەگەز و فاکتەرانەی تر کە کاریگەریان لای شێرکۆ جێهێشتووە، گرنگە. بەداخەوە تائێستا مێژووی شیکاری شیعری کوردی بەبۆشی لەکتێبخانەی کوردیدا ماوەتەوە، کە هەرە گرنگە و دەبێت ئاوڕی جدیی لێ بدرێتەوە و ئەم کەلێنە پڕ بکرێتەوە.

شێرکۆ لەسەر ئەم بەستێنە و لەژینگەیەکی پڕ لە ئەدەب و سیاسەت و نەتەوەخوازییەوە دەست پێدەکات و دێتە دنیای ئەدەب و شیعرەوە، قۆناغی یەکەمی شاعیری مرۆڤ و خاک "تریفەی هەڵبەست"ە کە لەم بەرهەمەدا،

سەرەڕای ئەوەی هەندێ گۆڕان لە زمان و وێنەی شیعری و خەیاڵ و جووڵانەوە لەگەڵ زماندا بەدەستەوە دەدات، بەڵام هێشتا هەر لە کەش و هەوا و زمان و دنیای جوانیناسیی گۆران دایە و نەیتوانیوە لەم زمان و زەین و دنیایە خۆی جیا بکاتەوە. دورکەوتنەوەی شێرکۆ لە کوردستان و لانکەی هەموو خەم و خۆشییەکانی، واتە سلێمانی، و گوێزانەوەی بۆ خواروی عێراق و رەخسانی دەرفەتی باشتر و هەراوتر بۆ ناسینی شیعری هاوچەرخی عەرەبی، دەرگای ناسین و زانینێکی فراوانتری بۆ دەکاتەوە. لەدایکبونی قەسیدەی کۆچ خولقانێکی تازەیە لەزەین، زمان، خەیاڵ، تەکنیک و جیهانبینیی شێرکۆدا. لێرەوەیە کە لەلای ئەو بڵندە دەقی کراوەی شیعری لەدایک دەبێت و دەڕوات کە جیهانێکی تازە لەشیعری کوردیدا رەنگرێژ بکات و بەنوێکردنەوەی زمان و خەیاڵ و زەین و دنیابینی خۆی، لەڕاستیدا جیهانێکی تازە لە جوانیناسی لە کەوشەنی شیعری کوردیدا دەخولقێنێ. ئەو، جگە لە زمان و خەیاڵ و وێنە و دنیابینی لەشیعردا، هەروەها خولقێنەری تەکنیک و جۆری تری شیاوی رامانی ئەم ژانرە . چیرۆکە شیعرە. پۆستەرە شیعر، شانۆنامەی شیعری، رۆمانە شیعر و پەخشانە شیعر، ئەگەر هەر هەموویان داهێنانی

ئەو نەبن، گومان نییە کە لەسەر دەستی ئەودا گەشانەوە و پوختە بوون. لەگەڵ فراوانبوونی مەودای زەین و زمان و روانگەی شاعیردا، قاڵب و جۆرەکانی ئەم ژانرەش دەگۆڕێن و فراون دەبن، بە جۆرێ کە توانای خۆگونجان و هەڵگرتنی ناوەرۆکی ئەندێشەکانی شاعیریان هەبێت.

لە کۆی ژیانی شاعیردا دوو واتای مرۆڤ و خاک ئاوێزانی هەبوون و ئەندێشەی بوون و بۆ چرکەساتێکیش لەهەرێمی ئەندێشە و باخی خەیاڵی ئاوا نەبوون و جیا نەبوونەوە. هەموو بەرهەمەکانی تری وەک: ئاسک، من تینوێتیم بە گڕەشکێ، کاوەی ئاسنگەر و دوو سرودی کێوی و ئاوێنە بچکۆڵەکان و لە یەک واتادا هەموو ئەو بەرهەمانەی تا "دەربەند پەپوولە" لە دایک دەبن و دەخولقێن، سەلماندن و بەرجەستەکردنەوەی جیهانی تازە خولقاوی هۆنەرن و هەرکام لە ئاست ئافراندنی تازەی خۆیاندا باقەیەک دەخەنە سەر خەرمانی ئەم خولقان و بەرجەستە بوونەوە. روونە کەشاعیر لەم رەوت و رەوەندەدا هەم لەدنیای زەین و ئەندێشەی خۆیدا و هەم لە روانینیدا بۆ جیهانی دەرەوە و دەوروبەری خۆی و دیاردەکان، دوچاری زۆر گۆڕان و رامان دەبێت، هەتا لەم

پرۆسەیەدا دوچاری ساتمەش دەبێت و بەخۆ خوێندنەوەیەکی وشیار و رەخنەگرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ خۆی و سازدانی جیهانە تاقانەکەی.

ڕاستە خاک تامی دایک دەدات و هەردووکیشیان تامی مێینە بە بوون و جیهان دەبەخشن، شێرکۆ هەر لەیەکەم ئەزموونەکانی شیعریی خۆیەوە، وادیارە کە ئەم دیاردەیەی باش هەست پێکردووە و ناسیوە، هەر بۆیە مرۆڤ و خاک لای ئەو گرێدراوی لێک جیانەکراوەن و ژنیش مرۆڤە و کەرامەتی مرۆڤایەتی، بۆیە شێرکۆ هیچ کات و لەهیچ دەقێکدا ئازادی و رزگاری و سەربەستیی ئەم کەرامەتی مرۆڤایەتییە گرێ نادا بەڕزگاریی نەتەوەیی و نایکاتە قوربانیی قۆناغی خەباتی رزگاریی نەتەوەیی. لەکوورەی خەبات و راسانی شۆڕشی رزگاریخوازیدا، شێرکۆ بە رووی ئەم نەریتە و هەموو نەریتە دواکەوتووە ژن ئەسیرکەرەکاندا دەوەستێ و رادەپسکێ، بۆیە ناکرێت بڵێین شێرکۆ ملکەچ یا سەلمێنەری ئەو گوتارە بووە کە ئازادیی ژنی کردۆتە پاشکۆی رزگاریی نەتەوەیی و هەرگیز ملی بۆ ئەم بۆچوونە نەشیاوە نەدا. لەراستیدا دەربەندی پەپوولە مانیفێستی شاعیرێکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان، واتە

پەیمانی ئەمەگداری بە مرۆڤ و جوانی و خاک. دەربەندی پەپوولە سەرەتای وەرزێکی تازەیە لە هەمیشە بەهاری شیعری شێرکۆدا و سەرەتای سەرهەڵدانی وەرزێکی تازەترە؛ وەرزی بەکردە و کلتورکردنی هەموو خەمەکانی تا ئێستای ئەم هەڵوەدایەی ئازادی و سەربەستی. شێرکۆ، بڵندگۆی ناسنامە و خەمی خاک و هاواری ژن و سەرفەرازیی مرۆڤ، لە دەربەندی پەپوولەدا، لە بەرزترین لوتکەدا جێگیر دەکات، دنیای دەرەوە و هەموو خەمە تا ئێستا لەپەروایێز دانراوەکانی هونەر ئیتر دەرفەتی یەکگرتنەوەیان بۆ خوڵقاوە و هەلە، کە لە دەلاقەی ئازارەکانی مرۆڤەوە سەرێک لە کۆڵانی خەڵوەتی خەمەکانی خۆی بدات.

هەرچەندە شێرکۆ هەرگیز تاکخوازێکی دورەکۆمەڵ نەبوو، وە لێکئاڵاوی خەمی تاکی خۆی و گەلی وا لێک ئاڵاندووە کە جیاکردنەوەی ئەستەمە. هەموو بابەتەکانی تری دوای ئەم شاکارە وەک خاچ ومار و گۆرستانی چراکان و... تا دەگاتە "خێراکە مردن خەریکە دەگات"، شاعیر وەک هزرمەندێکی بە ئەزموون کە جیهانی دەرەوە و هەموو دیاردەکان و بوونی خۆی وەک مرۆڤ ئەزموونکردووە، دەردەخەن. لەم

دەقانەدایە کە شێرکۆی خاوەن هزر و رامان لە بوون و جیهان وەک فەیلەسوفێکی ئەزمونگەرا لە لوتکەی تەجروبەکانیەوە دەروانێتە مرۆڤ و بوونەوەر و کەوشەن. جێهێشتنی قۆناغەکانی ئەدەبی بەرەنگاری و بەرخۆدان و گوتاری نەریتی وسەردەمی گەڕان بە دوای ناسنامە و، پاشان مانەوە لە مێژوودا و لاواندنەوەی خاک و هەموو دابڕان و حەسرەتەکان، ئێستا ئیتر شاعیر پەنجە لە بەژنی مەرگ دەدات و لە رامانێکی فەلسەفیانەوە بە ئاوێزان بوونی جوانیدا، لە دەلاقەی "کچێک نیشتمانمە"وە لە چاوە برسییەکانی مەرگ دەڕوانێت. دنیای شێرکۆ دنیایەکی هەرە ڕەنگاڵەیە، نەک تەنیا لە وشە، زمان، خەیاڵ، وێنە، نوێبوونەوەی زەین، ڕوانگە و فۆڕمە فراوانەکانی ژانری شیعردا، بەڵکو هێندە هزری ئازاد و خەمی مرۆڤ و ئاوێزانبوونی جوانی تیادا بەرفراوانە، ئیتر ئەستەمە شێرکۆ سەر بە قوتابخانە و رەهەندێکی تاقانەی ئەدەبی و شیعری بناسرێت. ئەم پیاوە درەختە، سەری هێلانەی هەموو باڵندەکانی جوانییە و ئەندێشەی ژوانگەی هەموو ئاوەز و هزرە ئازاد و مرۆڤچەقەکانە، "ئاواتشاری" شیعری شیرکۆ رزگاریی مرۆڤە لە هەموو کۆت و بەربەستەکان و درێژبوونەوەی لەمێژوودا وەک گەورەترین پرسی بوون،

بوونێک کە حورمەتی هەموو دیاردەیەک تەنیا بەخاتری خۆی رادەگرێت و دەیپارێزێ، نەک هۆکار و شتێکی دیکە. شێرکۆ پرسە، پرس لە بوون و ئازادی و خۆبوونی ئازادانەی مرۆڤ و کۆت نەکردنی ئیرادە و خواستی ئەم بوونەوەرە. جیهانی ئەم لوتکە مەزنەی شیعری کوردی، دنیای تێکچڕاوی مرۆڤ و جوانی و ئازادی و دادپەروەرییە.

٢٠١٣/٩/١٠

قانع رەخنەگرێکی وشیاری سەردەم

ناسینی سەردەم و فامکردنی کۆی ئەومیکانیزمانەی کە دەبنە هەوێنی گۆڕانکاری و ئاراستەی دیاردەکان دیاریدەکەن و، رەنگە لەکۆی رواڵەت بەندی قۆناغێکی دیاریکراودا فاکتەربن بۆ تایبەتی بەخشین بەم قۆناغەو لەفاکتەر جیانەکراوەکانی تایبەتمەندیەکانی ئەم

قۆناغەبن. بۆ شاعیر وخوێندەوارێکی حوجرە کە لەدوو ئاراستەی جوانیناسی و، دین باوەڕیدا دەتوانێ خاوەنی هەڵوێست و لێکدانەوە وبۆچوون بێت زۆر گرنگ نەیەنە بەرچاو. هێندە بەسە کەلەرەهەندی توانایەکانی خۆیاندا پسپۆڕ یان شارەزاییەکی شیاویان هەبێت و بەسە. ڕاستە شاعیر لەزمانەوە، لە ڕێگای خولقان لەزماندا، کۆی پێکهاتەی رێکخراوەکانی ژیانی ئاسای هەم لەپەیوەندیە زمانیەکانداو هەم لەجیهانی خەیاڵ وجوانی ناسیدا هەڵدەشێوێنێت وبە لێکدانەوە وفام وجیهانی خەیاڵی خۆی وکۆی ئاوەزو فامکردنەکانی هەموو ئەوانە جارێکی تر دادەڕێژێتەوە. واتە شاعیر هەم هاوشاری ئەم جیهانەیە و هەم وێرانکەرێکی بێ پسانەوە و، بەردەوامی ئەم شارەیە کە خۆی هەنوکە هاوشاریەتی و هەنوکەش لەخولیای هەڵوەشانەوەیدا.

کۆی ئەم پرۆسە دەخوازێ شاعیر لەکۆی باوەرو کلتور ونەریت وپێکهاتەی کۆمەڵگاکەی خۆی لێزان و شارەزاییەکی وا شیاوبێت کە رۆڵی روخێنەرێکی خولقێنەر ببینێت.

هیچ گەورە شاعیرێکی کوردو جیهانی نیە کەئەم پرۆسەو هەناوی خولقێنەرو کۆی ئەو میکانیزمانەی کە

دینامیکیەت دەبەخشنە ئەم دیاردەیەی فام نەکردبێت و توانیبێتی بێتە گەورە شاعیر یا شاعیرێکی شیاو. ئەگەر شاعیر ئەم رەوتەو مێژووی خوڵقان وهۆکاری گۆڕانکاریەکان فام نەکات ناتوانێ رۆڵی رەخنەگرێکی بەتوانا ببینێت کە جێ پەنجەی بە دیاردەکانی کلتور وجوانی وسیمای مرۆڤەوە دیاربێت. چونکە بە مانایەک هیچ شاعیرێک نیە کە رەخنەگر نەبێت لانی کەم رەخنە لەپێکهاتەی جوانی ناسانەی هەنوکەو شوێنی مرۆڤ و بەختەوەری ودادوەریی وسروشت وئازادی لە کۆی ئەم پێکهاتەدا و گوتاری زاڵی ناو هەناوی ئەم رایەڵە کۆمەڵایەتیە.

لەم کورتەباسەدا رامان لە هونەری شاعیرانەی قانع وئەودنیا جوانەی کەلەهەناوی زمان و لەیەک واتادا لە بوونی مرۆڤی کورددا خولقاندویەتی مەبەست نیە. مەبەست ئەوەیە کە قانع لە سیمای شاعیرێک داو وەک لێزانێکی ئاینی چەندە توانیویەتی وەک رەخنەگرێکی کارا لەئاست سەردەمەکەی خۆی دەرکەوێت'؟ بۆخولقانی ئەو جیهانە جوانەی کە بەها گەورەو بەرزەکانی سەربەستی، دادوەریی و بەختەوەری مرۆڤ لە رەگەزە سەرەکی و بنەڕەتیەکانیەتی ولە دەورانی قانع دا کە دەورانی

مۆدێرنەو مرۆڤی هەڵتەکاو وێرانکراوی دوای دووشەڕی گەورەی جیهانی خۆی و ژینگەو کۆی حورمەتەکانی وێران وهەڵتەکاوکردوە چەندە توانیویەتی لە ڕێگای شۆڕشی زمانەوە سەرکەوتووبێت.

قانع وەک ڕەخنەگرێکی وشیاری سەردەمی خۆی. بە فامکردنی ئەم واقعە کاری ئەو تەنیا پێداهەڵدان و وەسف نیە. توانیویەتی رەخنەگرێکی وشیاری سەردەمەکەی خۆی بێت ئەگەر بە یەکێ لەماناکان پێمان وابێت کە رەخنە هەڵگری کۆئەرکێکی وشیارکەرەوەیە و ئەرکە سەرەکیەکانی خوێندنەوەی واقعی کۆمەڵگای خۆیەتی دەبێ بڵێین:

سەرەکی ترین ئەرکی رەخنە هێنانەبەرباسی هەموو پیرۆزیەکان و دابەزاندنیانە بۆ بەردەست بوونی خوێندنەوەو لێکدانەوە و دەربازکردنیانە لە وەستان لە سەرو ئەقڵ و ڕەخنەوە. دەکرێ بڵێین ئامرازی ڕەخنە، وەستانێکی ئاوەزمەندانە و هۆشیارانەی ئەقڵە لەسەر هەموو دیاردەکانی بوون وژیان وە هەروەها هەموو ئەو چەمکانەی کە بەها گشتی ونرخە مێژووی و کلتوریەکان بەجۆرێ لە جۆرەکان بە دەوریاندا خەرمانەیان داوەو و لەسەر و رەخنەو رامانی هۆشیارانەی ئەقڵەوە رایان گرتوون.

لەسەردەمی قانع ولەم قۆناغەشدا کە ئێمە تیایدا دەژین دین وئاین یەک لەوبەهایانانەن کەلەکۆی ئەم فراماسیۆنەی ژیانماندا دەیانەوێت خۆیان لەسەروی ئەقڵ ولێکدانەوەی وشیاری هزرو ئاوەزەوە راگرن و، لەسەر بنەمای نەریتی بێ پرسیار درێژە بەپیرۆزی بێ پرسیارو ئەملاوئەولای خۆیان بدەن. بەڵام قانع وەک رەخنەگرێ کە دەخوازێ کۆمەڵگا لەگەڕانەوەیدا بۆ دوبارە ناسین وخوێندنەوەی خۆی پێوەری ئەقڵ بێت و ئەم ئەقڵە لەچەقیدا مرۆڤ بە رەهایی ئازادیەکانی خۆی بەکاربێنێ ئەوەتا بەرگرەکانی گەشەو بوژانەوەی ئاوەز وکۆمەڵ لەم بەپیرۆزکردن و لەسەرو ئەقڵ و رەخنەوە راگرتنانە دەبینێ دێنێتە بەردەم ڕەخنەو دەڵێت:

چوار شتن ئەمڕۆ کەبونە نەگبەتی کوردی هەژار جەهل یەک، بێ عەقلی دو، دڵپیسی سێ، داوا چوار مەنعی پێشکەوتن ئەکەن لەم خاکمانە چوار گرۆ خان یەک، سەردار دو، بەگزادەسێ، ئاغا چوار نایەڵن بۆخۆم رەحەت بم، سەربەخۆ تاوێ بژیم ئەجنەبی یەک، مامەدو، ئەقتاعی سێ، کوێخا چوار من لەداخی سەرکزی ئەم میللەتە چوار دەردمە سیل یەک، مالاری دو، چاو کوێری سێ، ئیسقا چوار

باز بوم باڵی شکانم چوار بەڵای نەحسی خراپ خانەقا یەک، تەکیە دو، عەمامە سێ، ئاغا چوار لە هەموو ئەمانەش گرنگتر رەخنە پرسیارە، لە هەموو بوونەکان کە دەکرێ وانەبن، یا بوونیان بەجۆرێک لە جۆرەکانی تردا گونجاوە. کەوابوو دەتوانین بڵێین رەخنە دەرچوونە نەک تەنیا لە دۆخی ئێستا، بەڵکو دەرچوونە لە دۆخێک کە رەنگە جێکەوتویی مێژوویی یا کلتوری یا....هتد یان هەیە.

کلتوری پێش مۆدێرن و هەموو نەریتەئازادی کوژەکانی ژن بەکۆیلەکەر لە کۆمەڵگای کوردەواریدا یەک لەو گرفتانە نەک قانع زۆر بە وشیاریەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات خوازیاری دەرچوون لەو گوتارەیە کەڕەگەزە سەرەکیەکانی بریتین لە دین ونەریت وکلتوری مێژینەی رەخنەنەکراوی ژن دیلکەر و دەسەڵاتی پیاو سالاری، وەهەرهەموو بەکۆی خۆیان ژنان لەرووبەرەکانی ئازادی وچالاکی ویەکسانی ماف دوردەخەنەوە قانع دەڵێت:

عاجز و مەلوول، دایم خەمبارین
هەتا مناڵین زەلیل و خوارین
گا، زەجرو لێدان، گا بەڕووت و قووت

چڵکن و پڵکن وێنەی مەلکە مە ووت
گەر بڵێم ئەمشەو ئەچمە سینەما
ئەڵێن تۆکچی حەیات بۆ نەما
ئەوەڵ تائاخر، ئێمە هەر دیلین
ژیان سووتاو و، زارو زەلیلین
یا دەلێت:

کەلە دایک بوو ئاهەنگی نیە
ئەڵێن ئای کچە ! فائیدەی چیە؟
سەدساڵ نەخۆش بێ، نابینێ دەرمان
لەجێی دڵخۆشیی، هەرچەپۆک لێدان

دوو چەمکی گرنگ وشیاوی رامان (دین وکلتوری پیاوسالاری) کەهەردوو لەڕەگەزە سەرەکیەکانی دیسکۆرسی زاڵی سەردەمن و دەخوازن سەرجەمی جمگەو پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا ملکەچی راستەوخۆ بێ ئەملاو ئەوەلای خۆیان بکەن لەلایەن (قانع)ەوە بە وردی وشیاری دەکەونە بەر خوێندنەوە و لێکدانەوە. مل نەدان و هەر ئەم جۆرە هەڵوێست وخوێندنانەوەیە کە قانع دەکاتە رەخنە گرو شاعیرێکی زەمەن شکێن و، لە سەردەم و زەمانێ خۆی تێدەپەڕێت و لەهەنوکەشدا رەخنەکانی

لەکۆی پەیوەندی وجۆری ژیانی زیدمان وچەوسانەوەی ژن و غایب بوونی ئازادی وبەرابەری لە ماف دا کاران. قانع رەخنەکانی وخوێندنەوەکانی تەنیا بۆ دەرچوون لە دۆخی هەنوکە نیەو باش دەزانێ کە بەتەنیا رەخنە لە دۆخی ئێستا بۆخۆی بنەمای سازدانی گوتارێکی تازەیە لە پەراویزان و دەنگ نەبیستراوان و نەبینراوان و بەشەفافیش بۆی
روونە. دەرچون لە ئێستا و پێکهاتەی خو پێوەگیراو لەزۆر بەستێندا شڵەژان دێنێت. هەموو نوێیەک لەگەڵ خۆی ئازارو شڵەژانێک دێنێ. هیچ نوێ بوونەوەیەکیش بێ رەخنە نەبووە. کەوابوو رەخنە خۆشی یەک لەو بون و دیاردانەیە کە هەر هەنووکە نوێیەو مەودا یا مافی ئەوەی نیە بەهیچ بەهانەیەک خۆی لە ڕەخنە دەرباز کات و، سەروتر بزانێت.

هەموو ئەو ئازارو چەرمەسەری و نەهامەتیانەی کە بوونی قانعیان کردبوە ئامانج لەڕاستیدا بەرئەنجامی ئەو شڵەژانە بوو کە فەرمانرەوایانی دین و دەسەڵات لە رەخنەکانی قانع بەسەریاناداهات و ئاوەها کاردانەوەیان بوو لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەمەیە کە ئەگەر بەشێوە گەلی لەڕەخنە باوەڕبکەین کە خۆیان سەرقاڵی لێکدانەوە و

شرۆڤەی بابەتەکانی بوونکردوە وەک رەخنەی هاوشان. رەخنەی نا هاوشانیش هەر خۆی ئامرازێکە کە دەکرێت بکەویتە بەر خوێندنەوەی پرپرسیاری ڕەخنەگرانەی رەخنەو ئەقڵی هۆشیارەوە. بۆیە قانع سەرەڕای سەرسام بوونی بەخەباتی نەتەوەیی و چینایەتی و هەموو خۆزگەکانی بۆ کۆمەڵگای دادوەر یان بەواتایەکی تر سۆسیالیستی، بەڵام هەرگیز ئەم چەمکانە وەک دوو چەمکی چەقیو و دەقگرتوو نەگۆڕ و سەروتر لە ئازادی و مرۆڤ نابینێت. بۆیە لەمارسلینی بڵندی ئازادی خۆیدا ئاوەها دەڵێت:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە

زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرِزرەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرەکەن وەک زیوەری شاهانەیە

بوکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بو دەست و پیی
حەڵقەحەڵقەی پێوەنم بۆ پڵپڵەو لەرزانەیە

گەرچی دوژمن وا ئەزانی من بەدیلی لاڵ ئەبم

باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە

بیری ئازادیم لەزیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوا بەبەندیخانەیە

گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادیە
تۆپ و شەستیر و کەلەپچە لام وەکو ئەفسانەیە

چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمی ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە

چەکی شۆڕشگێڕی من نووسین و بیر و باوەڕە
ڕاپەڕینە. هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە

گەر بەئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەر دانەواندن کاری نامەردانەیە

قانعم ئەمڕۆ لەزیندانا بەئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

لەم دەقەی قانع دا کۆی بەهاو بابەتە گشتیەکانی مرۆڤ، ئازادی، سەربەخۆیی نەتەوەیی، کۆمەڵگای دادوەر و لەهەمووشت گرنگتر ئازادی رەهاو نا بارگاو و دەستەمۆکراوە بە ئایدۆلۆژیاو بە جەق و سەروترکردنی هیچ ئایدیایەک نابینرێت کە

بتوانێ ئەمانە لەخۆیداو لە پەڕاوێزدا مۆنۆپۆل کات و راگرێت. ئەگەر لێرەدا بڵێم قانع جگە وشیاری و رەخنەگر روناکبیرێکی سەردەمەکەی خۆی بوو پێم وانیە قسەیەکم کردبێ کەلەجێگای خۆیدا نەبێت. رەنگە زمانی خەیاڵ و هاونشینی ووشەکان و وێنە شیعریەکان و لێکچواندن و وەسف وکێش تەنانەت سەرواکانی دنیای هونەری شیعری قانع جیگای مشتومڕی زۆرتربن و رەخنەی جدیش هەڵگرن، کە هەڵی دەگرن بەڵام دەبێ بزانین کە قانع شاعیرێکی فرە رەهەندەو تەنیا بەیەک زمان و میتۆد خوێندنەوەی جەفا بە قانع و بە ئاوەز و رەخنەیە. لەلای من ئەوەی زۆر گرنگ و شیاوی سەرنجە لە لای قانع هیچ دیاردە و بون و دەق و داهێنانی بۆ بەپیرۆزکردنی خۆی یا دیاردەیەک نیە، بە تایبەتی دەقی رەخنەیی. کەوابوو هەموو رەخنەکانیش

شیاوی ڕەخنەگرتنن. ئەم تایبەتمەندیەو کۆی تایبەتمەندیەکانی دیکەی قانع کە شەیدای ئازادی و دادوەریی و بەرابەری ماف و مرۆڤ و باوەڕە. قانع دەکەنە ڕووناکبیرێکی مەزن و کۆی ئەم تایبەتمەندیانەش لە تایبەتمەندیەکانی ڕووناکبیری هەنوکەشن چ بگات بە سەردەمی قانع.

٢٠١٤/٩/٢١

## دیالێکتیکی زەمەن و کلتووری کەڵەگا

"شیعر ئەسیرکردنی چرکەساتەکانی تەمەنە"
ئۆکتاڤیۆ پاز

هونەری شیعر ئەگەر لەدایکبووی پرۆسەیەکی سروشتی بێت و لەڕەوتی سەرهەڵدان و خولقانی خۆیدا قاڵبووی کۆی دیاردە دیدەییەکان بێت و پشتئەستوور بە پێشخوان و پشتیوانییەکی تۆکمە و جێکەوتووی هزری و ئاوەزی، سەرەڕای ئەوەی کە خۆی لە واتا زەینییە دابڕاوو موجەڕەدەکان دوور دەخاتەوە، ڕەنگە بتوانێ پارێز لە دیوی پشتەوەی دیاردەکانیش بگرێت و لە ڕووکەشی فۆتۆگرافیانەی وێنە تێپەڕێت، لەهەرێمی خەیاڵ و ئافراندنیشدا پەنجە لە زۆر دیمەنی نەبینراو و تاپۆی ونکراوی وێنەکان بدات.

ئەگەر بە ڕوویەکدا قایل بەم ڕوانگەیە بین کە دەڵێ: هۆنراوە مەحشەر و هەستانەوەی وشە و دەستەواژەکانە، هەستانەوە، بەڵام ئەم جارەیان هەستانەوە و قیامەتی سەرتاسەری زمان و ئەو وشە و دەستەواژانەی کە هیچکات دیوی ئەودیویان دەرنەکەوتوون و هەوڵێکی پێداگر و بەبڕست لە ئارادا

نەبوە بۆ دیتن و ناسین و خوێندنەوە و فامکردنیان وەک خۆیان.

بۆ دەرکەوتنی دیوی نەناسراو و غەریبماوی هەمیشەییان هەستانەوەیە کە زمان بۆ خۆی و لە ڕێگای هەموو میکانیزمەکانی بوونی ناوەکی خۆیەوە هەڵدەستێتەوە و دەیەوێ بوونی خۆی وەک ئەوەی کە هەیە بەرجەستە بکاتەوە، نەوەک ئەوەی کە دەخوازن و دەیانەوێت و کۆفاکتەرێکی دەرەکی ئەرکی بوون و ڕۆڵی بۆ دیاری دەکەن، لە پێناوی سپاردنی بوونێکی دیکەدا دەیڕازێننەوە و ئەگەر و ئیمکانی خۆی لێدرێغ دەکەن و لەسەرەوە تێی دەڕوانن.

هەستانەوە خولقانێ کە سەرەڕای موتوربەکردنی خۆ؛ ڕاستەوخۆش لە هەموو فاکتەرەکانی هەستەوە ڕابوورێ و لە هەموو بوونەکانی هونەرمەندەوە بکەوێتە ئەزموونکردنی کایەکانی ئاوەزو هزرو سۆزو بوون، ئەوسا گواستنەوەی ئەزموونێکی هاوبەش بێت لە بڵاوبوونەوە و دەرکەوتن و خولقانی خۆیدا.

خولقانێ کە لە بەستێنیدا هەم زمان و هەم خەیاڵ بە فانتازیا و ئەندێشە بێت و دیاردە و سیمای بوونی ڕەنگڕێژ بکات و بینێتە دنیای بوونەوە کە تا ئێستا نەبوە و

نەبینراوە و بەم شێوە و بوونە ئەزموون نەکراوە، ئەستەمە خولقاوێکی ناوادە کە تەجروبە و ناسینی ناوەکی خۆی نەبێت و مامەڵەیەکی وردی لە جیهانی دەرەوەی خۆیشدا نەکردبێ تەنیا وەک خولقاوێکی میکانیکی سیمایەکی زمان ئامراز سەر هەڵبدات بەڵام بتوانێ سیفەتی هونەری و شیعری هەڵگرێ.

شیعر ئەو لۆژیکە تایبەتەیە کەلە دنیای زمان و خەیاڵ و ئاوەز و هارمۆنیادا دەخولقێ و جیهانێکی نوێ بە ڕوودا دەکاتەوە کە تیایدا پەیوەندی تێگەیشتن و هەرێمی گۆڕینەوەی ئەزموونەکان سەرهەڵئەدەن. بە دیوێکی تردا شیعر ئەو دنیا پڕخەیاڵەیە کە تیایدا جورئەتی زانین لە ڕێگای خەیاڵەوە هەموو بەرگرەکان وەلادەنێ و ڕەها لە دیوی نەبینراوی دیاردەکان دەدوێت.

دۆزینەوەی پەیوەندی ئەو دیاردانە و لۆژیکی ڕەهای خەیاڵەکە خولقاوێ دەخولقێنێ کە تا ئەو چرکەساتە نەبینراوە و نەخوێنراوەتەوە.

شۆڕبوونەوە بە قووڵایی زەمان و گرێبەستکردنی دیاردەکانی دەستگەشتنە بەو دینامیکێتەی کە زەمانی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی کارەساتەکانە؛ بەڕووتی تێگەشتنە لە کلتوور و دەسەڵاتی بۆ پاوان و قۆرخ و

بەرجەستەکردنەوەی بوون بەو جۆرەی کە خۆی خوازیاری بوونیەتی.

گەڕان بەدوای کارەسات و بوونەکان لە دەرەوەی هەناوی زەمەن خۆی ڕەچاونەکردنی توانای ناوەکی خودی کات بۆ خولقانی دیاردەکان و هەوڵی سوارکردنی کۆهۆکارێکی دەرەکی ڕووت لەسەری تەنیا لەپێناوی خوێندنەوەی خوازراودا هەوڵێکی شیاوی ڕامان نییە.

ئەسیرکردنی چرکەساتەکانی زەمەن، ئەزموونکردنی مێژووە بەهەردوو دیوی دیار و شاراوەیدا. قووڵبوونەوەیە لەخودی خۆی و بەزەقی هەستکردنی ئەو بوونە بەردەوامەی کە تائێستا نەدۆزراوەتەوە و ئەزموون نەکراوە (نەبوە)، بۆیە هەر دۆزینەوەیەکی ئاوەهاش ڕوانگە و تێگەیشتن و ئەزموونێکی نوێ بە دەستەوە دەدات.

ئەم پرۆسەیە نەک تەنیا وەدەرخەری نوێیە، بەڵکو تەقاندنەوەی دنیایەکە لە جوانیی نەبینراو و هەستنەکراو تا ئەم چرکەساتە و تەقینەوەی چێژێکی جوانی جوانە و بەردەوام دەڕوات و ئافراندن بەجێدێڵێ.

هونەرێ کە پەیوەندییەکی تازە ئەدۆزێتەوە و بوونێکی نوێڕسک دەنوێنێ، گومانی تێدا نییە کە دەستێک بە باڵای تۆزداگرتووی جوانیدا دێنێ و لە گۆشەنیگایەکی بەکارنەهاتووەوە موتوربەی جوانی و ڕامانی چەندجارە لە جوانییە نەبینراوە شاراوەکاندا.

دەرکەوتن و بەرجەستەبوونەوەی هەر جوانییەک پاڵەپەستۆیە بۆ کشانەوە و جێهێڵانی هەرێمی بوون لەلایەن ناشرینی و پەستئاکارییەوە.

شڵەقانی گۆمی گەنیوی ئەو بەناهەق جوانکراوانەیە کە ڕچەیان بەستوە و نەبوونی جورئەت و ئەسیری خەیاڵ زامی مانەوەیانە، تێکشکانی هەموو ئەو چوارچێوانەیە کە ساڵەهایە لافی جوانی لێدەدەن و هەر دیوی دەرەوە و ناسراو و بەنەریت و عادەتبووی خۆیان دەنەخشێنن و پات دەکەنەوە.

ئەوەتا لە دەقی شیعری کەڵەگادا شاعیر دەڵێ:

لە هونەری کوشتار
فێری تۆڵە و تیرۆر و پرسە بووین
لە هونەری خۆشەویستیش
قەبرسانێکی ئاوەدان.

لێرەدا کە باڵاگرتنی دووکاڵا و ڕووبەڕووکردنەوەی دووجەمسەری هەرگیز بەیەکنەگەیشتوو شاعیر ئەو جورئەتە بە خۆی دەدات و دنەی ئاوەز ئەدات کە نەک تەنیا دیوی دەرەوەی دیاردە دزێوەکان بە سووکایەتی بزانێ بەڵکو لەو جوانییە وشکبوەش کە هەموو لێکەوتنەوەکانی هەر ناشرینە و دەکرێ بڵێین بەجۆرێ هەر ئەنجامە ناشرینەکانە، بکەوێتە گومانەوە و پەیوەندی شاردراوی هەردوو دنیاکە بکاتە مەکۆی سەرنج و بە زەقی هەست بکات کە هەر خولقانی کارەسات و باربردنی بوونی جوانی و مرۆڤە.

ئەوە جورئەتی خەیاڵە کە بەشێوەیەکی ڕەها سنوورەکانی بەزاندوە و بە ڕەوای دەپرسێ ڕاستی لەدوو کلتووری بەڕەواڵەت جیاواز ئێمە چی فێربووین؟ کام جوانییەمان خەرمان کردوە؟

لە هونەری خۆشەویستی کە بەرزترین هونەری مرۆڤە و دەکرێ بە جۆرێ لووتکەی دەرکەوتنی بوونیشی بێت و بە وتەی ئۆکتافیوپاز دیالێکتیبوونە، جگە لە گەورەکردن و سازدانی کۆگۆڕستان چی فێربووینە؟

گۆڕستانێ کە هونەری خۆشەویستی و کڵاوەی هەموو جوانییەکانی لەخۆیدا شاردۆتەوە و بە ڕەواڵەت و دیوێکی

ترسنۆکانە و درۆزنانەشەوە چەمەریگێڕی ئەوین و خۆشەویستییە و لە کایەیەکی بێهوودەی زمانی فێڵاویدا دەیەوێ کلتوری پیرۆزی قەبرستان بکاتە مەکۆی ئاوەز و سەرنج و وای ڕاهێناوین جوانترین جوانییەکان تەنیا لە قەبرستاندا شیاوی مانەوە و درێژەدان بە تەمەنن و بەس.

ئەوە خەیاڵی ڕەهایە و شڵەقاندنی گۆی گەنیوی ئاوەز و کلتورێ کە بە لاسایی و نواندنەوە تاپۆیەکی لەجوانی درۆینە و تراویلکەئاسا خوڵقاندوە کە جورئەتی خەیاڵ پەنجە ئەخاتە سەر پەیوەندییە شاراوەکەی و لە هەناویەوە دیالێکتیکی فەنابوون دەردەخات، بە ڕەوایی دەڵێت:

زەمەن، زەمەنی منە، زەمەنی تۆ، زەمەنی ئێمە لە هەردوو جەمسەرەکەیەوەیە، درێژبوونەوەی دیالێکتیکی کوشتن و شێواندنی جوانییە و لە کایەکانی زمانی سوغرەدا وەها دینامیکێتییەکی پەیا کردوە کە کەوتنە گومان و بەپرسگرتنی نەک هەر گوناح و حەرام و قەدەغەیە؛ بگرە زۆر جار تاوانێکی نەبەخشراویشە و بەزاندنی ئاسایش و ئارامی مەرگئاسای کلتوری سەپاو و دەسەڵاتی زمانی زاڵە و بەرئەنجامی چاوەڕواننەکراوی

لێدەکەوێتەوە، دیارە کاتێ کە گەورەترین دەستمایەی بوون تەنیا هەوارو سەیو انی قەبرستان و سێبەری مردن بێت و ئەم سەیوان و هەوارەشی پیرۆزەن کراوە.

پیرۆزەیی گەنیوەی بەناو جو انی کە دەکەوێتە شەپۆلان؛ دەبێ جرت و فرتی سروود و خوێناوی نیشتمان و دەستکێشی جەللادان سیما پڕپرسەکان تۆزبەند بکات و شەپۆلانی خۆڵ لە گەرووی تینووی جو انخوازان و جو انییە ڕاستەقینەکان بکات.

ئەو دەمانەی بە ئاشکرا

جەللادەکانمان ڕادەمووسی و بە نهێنی

سروودمان وت بۆ نیشتمان

ڕاستی ئەو کلتوورەی کە ئێمە تییایدا ژیاوین، کلتورێ نەبوە کە بەدرێژ ایی بوونی خۆی و لە هەموو مێژووەکەیدا هەوڵی شاردنەوەی جو انییەکانی داوە؟ کلتورێ نەبوە لە باشترین دۆخدا پەنا و پەسیو و شوێنە نادیارەکانی شیاوی بوون و مانەوەیان زانیوە؟

کلتورێ نەبوە کە هەمیشە بە ئاشکرا ستایشی لەباربردنی جو انی و هەوڵەکانی نەبوونی کردوە؟

ئایا بەرجەستەترین شوێن و زێڕینترین کاتەکانی بۆ تەرخان نەکردوە؟ ئەمەیە ئەو پرۆژە سەرەکەییەی کە

شاعیر وەک قەیرانی بوون و هەناوی شاردراوی دیوی نادیاری کلتوری زاڵ و دەقگرتوو دەری دەخات و هەمووەمان والێدەکات بۆ جارێکیتر بە کەلێن و قوژبنەکانی بوونی خۆماندا بگەڕێین، بۆ جارێ بە گومانەوە هەموو زەخیرەکانی سۆزو ئەوین و ئاوەزو ئەقڵ و دژو اتاکانی زەین و ئەنجامەکانی ئاکارمان سەیر بکەین.

ئەمەیە ئەو ڕاچڵەکانە پرسئامێزە کە هەموو کلتور و بوون و زمان و زەمەنی سووغرەی زاڵ و سەپاو لێی دەترسێت و بە تووڕەییەوە لە بری وەڵام دەیەوێت لە بیر خۆی بەرێتەوە و بە ئەسپایی و بێخشپە بەلایدا تێپەڕێ و نەیەڵێ تەشەنە بکات و قەیرانە ناوەکییەکانی بهەژێنێ و دیوی نادیارو داڕووخاو و هەرەسهێناوی ئاشکرا بکات.

دەزانێ کە ئەم دەرکەوتن و ئاشکرابوونە جارێ ئاوابوونی ئەو دەزگا زاڵ و سەپاوەیە و لەبێجورئەتی و هەرەسی ڕووخاندا وای بەباش دەزانێ بەلایدا تێپەڕێ و خۆی لێنەبان بکات.

هەر ئەوەیە کە کلتور نەریتە ئاوەزییە سەپاو و زاڵەکان بەردەوام هەوڵی شاردنەوەی هەناوی خۆیان و قەیرانەکانی دەدەن، بانگەشەی بوون و جوانییەکی گەنیو و مەرگئاسا دەکەن.

دیوی ناوەوەی ئەمانە دیوی وەستان و وشکبوون و مردنە، بۆیە بەردەوام هەوڵی دروستکردنی مێژوویەکی وەستاو و زەمەنێکی نەزۆکە، گێڕانەوەی حیکایەتئامێزی خۆیان و چیرۆکی دەورانی زێڕکفتی ڕابردوویان دەدەن.

ئەم هەوڵە تەنیا بۆ وەستان و قەتیسبوون نییە، هەوڵە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ و بوون بۆ ڕابردوو، تا لە جوانیناسیی ڕابردوودا نوقم بین و هیچ جوانییەکی تازە نەخولقێت و بۆ هەمیشە پیرۆزی سیمای مەرگ بەهایە لە بەها گشتییەکان و نرخێ لە نرخەکانی جوانی ئەزەلی بێت، هەوڵە بۆ شاردنەوەی ئەزەلیەتی مەرگ لەپشت دەمامکی جوانییەوە، هەوڵە بۆ پاراستنی کۆن و شان دانەدانە ژێر شکان و نووچدانەکانی مرۆڤ و مێژووی بێ بەرئەنجامی خۆیان. گیانی موحافیزکاری لەدایکبوونی ترسی شکاند و بەرپرسایەتییە لەئاست نووچدانەکانی جوانیدا.

هەوڵە بۆ نەزۆکهێڵانەوەی زمان و کلتور و مێژوو، چونکە خولقاوێکی ئاسایی و ئۆرگانێک گلۆربوونەوە و تلانێکی دیکەی ئەو ڕەوالەتبەندییەیە بەرەو ئاوابوون و قبووڵی بەرپرسایەتی.

شاعیری دەقەشیعری کەڵەگا لەم پرس و بەرامبەرنان و شڵەقاندنەدا عەوداڵی نمایشی ئەو دیالێکتیکەیە کە کۆمەڵگای بە ڕەواڵەت دووجەمسەری و دابەشبووی نێوان قوربانی و جەللادی کردۆتە کارگەی وەبەرهێنانەوەی نووچ و لەباربردنی جوانی.

شاعیر لە پەنجەرەی چاوی وشە نەبینراوەکانەوە و لەڕێگای زمانێ کە دەتوانین بڵێین زمانی ژینە؛ ئەو عەینییەتە فەرامۆشکراوە بەرجەستە دەکاتەوە کە وەهمەکانی زەین بە خەرمانەیەک لەتەم دەوری داوە و نایەوێ ڕاستییەکەی ئاشکرابێت. دەسەڵاتی زمانی سەپاو قایل بە دەرکەوتنی ئەم ڕاستییە کە هۆشیاری کۆی ئێمە گیرۆدەی ئەفیوونی دەسەڵاتی ئەوە و هەردوو دیوی ئەم هەرایە لای هەردوولا لێکەوتنەوەکانی هەر لێکەوتنەوەی قەبرستان و شاردنەوە و دزێوی و نەزۆککردنی جوانییە.

شاعیر دەیەوێ ئەو ڕاستییە بدرکێنێ کە میکانیزمەکانی ژیان و نەریتی مردن ئەوەندە بەهێزن و دەقگرتون کە سنووری قوربانی و جەللاد نەناسراون و تێکەڵاو.

تەنانەت ئەوە قوربانی خۆیەتی کە دیسانەوە بەرهەمهێنەری جەللاد و بووت و سوڵتەیە و خۆی بەشێکە لە پرۆسەی پاتبوونەوە و بەرهەمهاتنەوەی قەبرستانەکانی ئەشق و ڕامووسانی جەللاد.

باوەڕناکەم هەڵبژاردنی پێکهاتەی کەڵەگا لە لایەن شاعیرەوە بۆ ئەم دەقە شیعرییە ڕێککەوتێکی بیرلێنەکراوە بێت.

ئەم پێکهاتەیە لەدایکبووی زەینی بووتخواز و قارەمانپەروەری کلتوری ئێمەیە کە بۆ خولقاندنی جیهانی دەسەڵات و شێو اندنی سنوورەکان؛ دنیای گیاندار انیش دەگرێتەوە.

سەرنجێکی ئاسایی لەم هەیکەلە ئەو ڕاستییە تاڵە دەردەخات کە ئێمە لە ترینەکانی جیهانی دەسەڵات و قودرەتەوە دێن و هەرچەندە هێزی وێر انکاری و شەڕخوازی و خۆسەپێنیان هەبێت؛ ئەوەندەش ترینن.

هەڵە نەبێ ئەمە تایبەتمەندی ئاوەزی کورد و زمانی کوردی نییە، ئەمە کلتوری سینخناخ لە خوێن و بووتخوازی ڕۆژهەڵات و گەلانی هەمیشە پاڵەوان پەمە پەرستی دراوسێیە کە ئێمەشی گرتۆتەوە.

ڕۆژانێ بوو

بە هەردوو دەست چەپڵەمان بۆ
جەنگاوەرەکان لێئەدا و
چڵەنێرگزی ڕوانینمان
بە یەخەی سەرکردەکانی جەنگەوە
هەڵدەواسی
قومێ ئاومان نەدایە ئەو شەهیدانەی
لە سەرەمەرگدا
چنگێ خۆڵیان لە مشتدا بوو

شاعیر لەو ساتەوەختە دەدوێ کە بەقەد هەموو مێژووی ئێمە درێژە و ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەو ساتەی کە هەڵخلیسکانی ئەبەدی بوو بۆ مرۆڤ، بۆ بوون، بۆ جوانی، جوانییەک کە قەتیس بوە، بوونێ کە نەقارەژەنی بووت و ستایشگەری تابۆ و پەرژینی ڕسکانی دەسەڵات بوو.

ئەو ساتەی کە واتاکان خاڵی بوونەوە و سنوورەکان شکان و جوانییەکان ئاوەژوو بوونەوە.

ئەو ساتەی کە جێگۆڕێکی جوان و دزێو بە ئاسانی و ئاسایی بوو بە عادەت، ئەو ساتەی کە ئیتر چریکە هەمیشەییەکانی ئێمە و ستایشە بێسنوورەکانمان بە

هەردوو دیوی جوان و دزێودا هەر هۆرەیە و بە دیار غوربەتی خوان و چرۆکردنی مەرگەوە.

لەو ساتەوە دیالۆگی مەرگ بوە بە گۆرانی هەمووممان.

ئەگەر بە قووڵی لەم دەقەشیعرییەی قادر سەرچناری وردبینەوە دەبینین جیاوازە لە هەموو دەقەکانی دیکەی ئەم شاعیرە، لێرەدا زمان تا ڕادەیەکی بەرچاو و سەرکەوتوانە هەموو شوناسی مرۆڤ و پێکهاتە مەعریفییەکانی بێ هیچ خۆسانسۆرکردنی لە دنیای تایبەتی خۆیاندا دەردەکەون و خەیاڵ لە زماندا بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە کە دەڵێ جێگۆڕکێ بە هەموو شتەکان دەکات، هەموو دیاردە و بوونەکان دەقاودەق دەگرێتەوە بۆ شوێنی گونجاوی خۆیان و لەو نەزم و سیستەمە ڕزگاریان دەکات کە بە سەریاندا سەپاوە.

بەمانایەکیتر ڕەهایی زمان، ڕەهایی بوونە و گەڕانەوەیە بۆ ئازادی، زمان و مانا هەڵبژاردن و جێ ڕەچاوکردنی خۆخوازانەی هەموو ئەو دیاردانە کە ئازادبوون؛ ڕەستاخیزێکە کە هەر وشە قەڵبی گونجاوی خۆی دەستەبەردەکات و لە دەرکەوتنی فرەچەشنی مانا و فرەڕەهەندی واژەدا تابلۆ و دیمەن و ئاسۆیەکی ئاوەزی توانای بە چەقبوون و لە ناوەندی مانەوەی زۆری نییە.

زەمەن زنجیرەی نواندنە جۆراوجۆرەکانە و لە ساتەوەختی پەخشان و ڕەخشای زمان و مانا و ئاوەز و خەیاڵدا هارمۆنییەکی لۆژیکمەند هاژەی دێت و هەر هەڵچوونێکی خەیاڵ پەیوەست دەکات بە کاتخستنێکی دیاردەکانەوە، تێپەڕینە لە ڕووبەر و گەیشتن بە جیهانی مانا نەدۆزراوەکان و بە جۆرێ دیداری بێبەربەست و پێچراوەی بوونەکانە.

وێنەخەیاڵییەکانی ئەم جیهانە ڕەنگاڵەیە هێندە عەینی و لە هەمان کاتدا قووڵن کە پۆستی هەموو ڕووکارەکان دادەکەنن و پەنجە لە هەستیارترین ماناکانی جوانی دەدەن، شاعیر دەڵێ:

ئەم گوڵەئەستێرانە چین؟
لەم شەوگارە قەترانییەدا
ئەڵێی دانی مروارین
لە پێکەنینی زنجێکدا

هاوسەنگی و ئەو تابلۆ ڕەنگاڵەیە کە بە وشەگەلی ئەستێرە و شەوگاری قەترانی و مرواری و دەمی زنجدا ڕیز دەبەستن؛ سەرەڕای ئافراندنی بە شێنێ لە ڕەنگ و هاوکێشەیە لە تەناسوب، تابلۆی جیهانی بوونمان وەیاد دەخاتەوە کە فرەچەشنی و زۆر ڕەهەندی مانا و چێژ

دەبەخشێتە کەوشەن و ئەم بوونەوەرە جوانترین جوانییەکان و لووتکەی ڕەنگاڵەی ژیان و هەستکردن بە چێژێکی مرۆییانە تەنیا و لە فرەچەشنی و زۆرڕەهەندی و پلۆرالیزمدایە کە دەرسکێ و دەردەکەوێ، ئیز افەبوونی هەرجوانییەک بە جیهانی بوون، زۆرترکردنی کەوشەن و بە بەرترکردنی ژیان و بەژن بەندکردنی واتا و بوون و ژیانە.

لەم بابەتە بەپەلە و خوێندنەوە خێرایەدا نامەوێ لە پەنجەرەی وێنە و خەیاڵی شیعری و لۆژیکی ڕۆمانسیانەوە هەناسەی ئەم دەقە شیعریە بۆنکەم و لێکدانەوەی ئەم بابەتە دادەنێم بۆ کات و هەلێکی شیاوتر.

دیارە کە پلۆرالیزمی شیعری و ڕەهایی و بە سووغرەنەگرتنی زمان و خۆنەبەستنەوە لە دیواری نەریتە کلاسیکییەکانی نواندن و لێکچواندنی سیفەتەکانی شیعری مۆدێرنن و لەم نووسراوەدا ئەوەندەی میتۆدی خوێندنەوەی مەعریفەی دەقەکە مەبەستە؛ ئەو بابەتانە مەبەست نین.

زۆرتر مەبەست دۆزینەوە و ناساندنی ئەو هەناسە ئاوەزییانەن کە مرۆڤی ئێمەی سەرتاپێ نوقمی قەیران کردوە و بێ ئاسۆش دەیەوێ لەو قەیرانەدا بەجێیبێڵێ.

قەیرانێ کە دووچاری وەها شڵەژانێکی زەین و کرداری کردووین کە ئەستەمە شنەکانی ئازاری لە گێژەڵووکەی بیابان جیاکەینەوە و پواز و گرزەکانی جەستەمان کە هاوڕازی تەوەرەکانی بڕینەوە و شکانمان بوون لە شەبەنگەخوێنی خۆمان بە شەوارە بگرین و دیوی جەللاد خێزی کلتوورمان و ئاخێزگە جەللادپەروەرەکانی نەدۆزینەوە، بۆیە شاعیر دەڵێ:

لێرەش
داربەڕوو هەبوو خۆی دەکرد بە
دارعەسا و گۆچان
بۆ قامچی دەستی زەعیم و ئەو
سەربازانەی میوان بوون
بۆ گروونی پێستی شاخ و سووتاندنی گوندی برسی و
هەڵپاچینی قژی درێژی دارستان

ئەم داربەڕوە پوازانە ئەو دیوەی دیکەی کۆمەڵی ئێمەیە کە تیایدا قوربانی دەبێتە جەللاد و جەللادپەرست و جەللادپەروەر، ئەم دەستەواژانەی جەستە درێژبوونەوەی خەسارێکی کلتوورین و ئێستاش هەروەبەرهاتنەوە و لێکەوتنەوەی خۆیان هەیە بۆ شاعیر لە سووغرەگرتنی دەسڵەمێتەوە و دەڵێ:

ئایا ئازادی پیر دەبێ؟
که پیر بوو ناکەوێته سووتاندنی نامه نهێنییەکای نێوانمان؟
کاسێتی گۆرانییه غەمگینەکان ناشکێنێ؟
ناکەوێته هەڵپاچینی شاباڵی خەونەکانی خۆی
ئایا داری گوڵەهەناری ئازادی
جگه لەو پەیڤه سەوزوسوورانه
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی ترو
بۆنیترو
چڵ وگەڵای خەیاڵی زۆر
دوورتر دەگرێ؟

ئەمەیه ئەو پەیڤەیه تائێستا نەوتراوە، ئەو چۆکدادانەی لەئاست بەنەریتکردن و لەبیرچوونەوەدا، کەهەر نەریتێکی نەگۆڕ و چەقبوو ئاخێزگەی لەبیرچوونەوەیە و هەر بیرچوونەوەیەکیش بەشێنی قەیران وکارەساتی خۆمانە.

شاعیری تاپۆی دیاری ئەم بیرچوونەوە و قەیرانە لە نزیکەوە هەست دەکات و بە دیار درێژبوونەوەی ئەم خەسارەوە بانگەشەی لەدایکبوون و دۆزینەوەی ئیزافەکانی جوانی دەکات.

بانگەشەی لەبیرنەکردنی ئەو میکانیزمانەی ئەقڵیەت و زمان دەکات کە لە ڕێگای لانەکردن لە بۆشاییەکانی وەستان وفەرامۆشییەوە ئازادی دەکرۆژن و دەیکەنە ئامراژی لەشیشدانی چەندبارەی شەبەنگە خوێنەکانی جوانیی هەست بە هەناسە سووتێنەرەکانی زمانی دەسەڵات دەکات، کە کات لە دوای کات و چرکانە پەلوپۆی ئازادی دەسووتێنێ و بۆسەی لە هەناوی ئەم شاکارەی جوانی گرتوە.

تێبینی:

١. کەڵەگا لە زمانی کوردیدا بێژەی ئەم گیاندارە لەڕاستیدا بەم جۆرەیە:

(گا) لە هەندێ شوێندا دەوترێ (کەڵ)، دیارە کە بە لێکدانی ئەم دوو واژە لێکدراوە (کەڵەگا) دروست دەبێت، واتە بەهێزترین و تواناترین و بەرزترین گای نێو گاکان کە دەبێتە کەڵی گاکان.

٢. هەموو وتە و وتەزانەکانی ئۆکتاڤیوپاز کە لەم نووسراوەدا هاتوون؛ لە وتاری ( دیالیکتیک عشق ) بە زمانی فارسی وەرگیراون.

٣. پاڵەوانپەمە یا پەموو هەرپاڵەوان فسفسە.

"شیعر پرۆسەی خولقانی بێ پسانەوەیە "

کردنەوەی گرێی پرسیارە بنەمایی ونەکراوەکانی ژیان، کە لۆژیک و ئەقڵی کۆمەڵایەتی ونەریتی خۆی لەکردنەوە و بەباسکردنیان دەدزێتەوە ودوردەگرێت. ئەو چەمک ودەڤەرە تابۆکراوانەی بوون وژین ومرۆڤ کە، کۆمەڵگاو کۆی نەریت وئەقڵانیەتی فەرمی ژیان بانگەشەی بیرچوونەوە نەپرسینیان دەکات. لە نایابترین هەوڵی خولقانی جوانی و ڕسکانی ئازادی بێ بەربەستی مرۆڤدا کە شیعرە، بێ سڵەمینەوە و پرنگانەوەی ناپێویست دەکەونە بەرباس و پرس و دووجارەو چەند جارە دیتنەوە. دیتنێک نەک لە پەنجەرەی ئاوەزو کلتوری نەریت

پەسەندو نەریتگری ئەقڵی دەقگرتووی باوەوە، بەڵکو لەڕوانگەی لێکهەڵوەشانەوە ولێکترازانی کۆی ئەو ڕواڵەتبەندییە زاڵکراوە سەقامگیرەی کەکۆی پێکهاتەی ئاوەزیی وجوانناسانەی قەتیسکردوەو پرسیار و دەرچوون و خولقانێ بەکارەسات دەزانێ. لە سەکۆی ئاوەزیکەوە کە ئافراندن و جوانی بەڕەوت و پرسێکی رانەوەستاو دەزانێت و سەری خووگرتنی بەهیچ پێکهاتەیەکی ئاوەزیی و جوانیناسانەی پێش خۆی نییە، کە پرس و گەڕان و دڵەراوکێ و پەسەندەکانی خۆی تیادا وەدی نەکات. جوانی پرۆسەی خولقانی بێ پسانەوە و نوێکردنەوەی بێ دابڕان و هەنوکەییە. دیوێکی ئەم پرس وڕامان و دەرگاکردنەوە و، شکانی تابۆیانە هیچ نییە جگە خولقانی جوانی و لەڕاستیش دا جوانی و پرۆسەی خولقانی هیچ نییە جگە فەلسەفەی ژیان وخۆسەویستی بۆ مرۆڤ. ئەقڵی دەسەڵات ئەقڵی خۆسەپێن و دژە جوانییە. دژەجوانییە بەم مانا کەدەسەڵات لەهەموو ڕووبەرەکانی ژیاندا هەناسەی هەڵگرتن و سەلماندنی رەقیبی خۆی نییە، دەخوازێ خۆی وەک جوانترتن پێکهاتەو فۆرمی بوون وکەوشەن وتاقانەو بێ رەقیب بێت. تاقانەوبێ ڕەقیبێ لەجوانی وخەلقی مانا و

ئافراندندا. لەڕاستیدا شەڕی دەسەڵات لە ڕووبەرێکی هەرەفراواندا شەڕی خۆسەپاندنە وەک تاقانەی جوانی و ئافراندن. نەریت، باوەڕ، کلتور. ئاوەز و ئەقڵی فەرمی هەرهەموو فۆرمێکن لەوفۆرمانەی کەدەسەڵات بۆ بەرهاتنەوەی خۆی خولقاندوونی و بەکاریان دێنێ.

دەسەڵات دەخوازی جوانی قوروخی خۆی بێت وبەس. لەم بوون و کەوشەندا تەنیا جوانی دەتوانێت هەڵگری هەناسەو هەویای مرۆڤ وخوشەویستی بێت. دەسەڵات لەهەمووفۆرمە ئاماژەپیدراوەکانی سەرەوەدا و بەهەموو میکانیزمەکانیەوە هیچ نییە جگە هەوڵێک بۆ خۆجوانکردن و دەستگرتن بەسەر مرۆڤ و ژیندا. هەر لەئەرستۆوە تاکو ئێستاو ئەم سەردەمی پاش مۆدێرنە کۆی ئەقڵی دەسەڵات و هەموو گێڕانەوە زەبەلاحەکان ویستویانەو دەیانەوێت شیعر یادەستەمۆی خۆیان کەن یا بەجۆرێک لەجۆرەکان لە کرۆکی ژیان و کۆمەڵ دەریکەن و ئەگەر هەر نەبێت بیخەنە پەراوێزی ژیان و بوونەوە. ڕەوایە بپرسین بۆ شاعیر وشیعر لەهیچ ئاواتشار و هەرێمێکی زەبەلاحی گێڕانەوە قەبەکاندا جێگای نابێتەوە وشاربەدەر دەکرێت.!؟ ئەگەر بە دەستەمۆی و کەویکراوی شاعیر وشیعر کشانە

ئەوفۆرمانەی بەرهێنانەوەی دەسەڵات و پێکهاتە جوانیناسیەکەی، دەبنە بەشێک لەنەریت و توانای خولقان و هیچ ئافراندنێکیان نامێنێت. پرسی شیعر پرسی مرۆڤە. پرس لەمرۆڤ، پرسە لەژینگەو سروشت و داهاتووی ئەم بوونەوەرە و ئاسۆێ داهاتووی، بۆیە ئەم پرسانەو گەڕان بۆ خەلقی جوانترین مانا ڕاستە و راست رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات وتێکدانی ژینگەی خوازراوی دەسەڵاتە بێ ڕەقیبەکەیەتی. ڕەهایی ئەندێشە وسەربەستی مرۆڤ وجەستە وئاوێزانی سروشت بوون، ئەو ماناو پیکهاتە جوانەیە کە شیعر هەوڵی خولقانی داوەو دەیدات. سێ هەرێم و سێ رووبەرکە دەسەڵات و کۆی فۆرم و میکانیزمەکانی بە تاپۆی خۆیانی دەزانن و رێگا نادەن لێیان بشێوێنرێت و دەرگای پرسە دیلکراوەکانی بکرێنەوە. فۆرمەکانی دەسەڵات لەدین و نەریت و کلتور و سیاسەت وئایدیۆلۆژیاو کۆی گێڕانەوە زەبەلاحەکان، بەم بۆنەوەیە شیعر بەنەیار و نەویستی خۆیان دەزانن و هەوڵیان داوەو دەیدەن لە کۆمەڵ و ژیان بیکەنە دەرەوە.

هەمووجوانیە شاراوەکانی بوون کە گوتاری دەسەڵات بەهەموو فۆرم و ڕەوشەکانیەوە بێ پسانەوە

هەوڵی بەحەرامکردن و قەدەخەکردن و نەشیاوکردنیان دەدات شیعر دەرگای کردنەوەو ئاشکر ابوونیان دەخاتە سەرپشت. نووسین پرۆسەی ئافر اندنی جو انی و خەلقی مانەوە و نەمرییە. شیعر دەتو انێ لوتکەی ئەم ئافر اندن وخەلقە بێت، مانەوە، مانەوەی جو انی و زاڵبوون بەسەر زەمان و هەموو سنورەکانی ئەسیریی ئەقڵ و ئیفلیجکردنی مرۆڤ و چوارچێوە بۆکێشانێکی ڕێک، و اتە بەزاندنی گوتار و کلتوری دەسەڵاتەکان بەهەموو ڕەهەندوو مانا و فۆرمەکانیانەوە. ڕاوەدوونانی شاعیرو دەرکردنی لە هەموو ئاو اتشارەکانی دەسەڵات لێرەوە ئاخیزگە دەگرێت و دەخوازێ زمانی ئایدۆلۆژیاو گوتاری دەسەڵات بەبەری شیعردا بکات. جو انی ناب ناتو انێت شتێک بێت جگە مرۆڤ خۆی. مرۆڤی ئازاد وسەربەست وئازادکردنی ئاوەزو ئەقڵ لەهەموو زنجیرەکانی دیارو نادیاری دەسەڵات لەکۆی پێکهاتەی خۆیدا. شۆڕبوونەوە بۆ بابەتەکانی مرۆڤ ئازادی و سنورەکانی ئەقڵ و ڕەهابوون لە ئامراز و هۆکاری و انو اندنەوەی دەسەڵات ئەو ئەرکە مەزنەیە کەشیعر وەئەستۆی گرتووە. بەم دیوەدایە کە شیعر نایابترین هەوڵی فەلسەفی وئەقڵانی مرۆڤە. بەڕووبەڕێک دا شیعر هزرمەندترین هەوڵ و

فەلسەفی ترین بزاوتی مرۆڤە. کاتێ پرسەکانی مرۆڤ وبوونەوەر و ئازادی وسروشت ئەبنە چەقی ڕوانین وئەندێشە، شاعیر لەرامانێکەوە بۆڕامانێکی بە بەرئەنجامتر لەسەرئەم پرسانەو سنورەکانی دەسەڵات وئازادی مرۆڤ ڕادەوەستێت قوڵترین پرسەکان و ڕەنگە بگۆڕترین و ڕێژەیی ترین وەڵامەکانیش خۆیان بەرجەستەکەنەوە. کردنەوەی دەرگاکانی ئەم پرسانەو پرسینی وردوقوڵ لەسەرهەناو و سنوری دەسەڵات و، کارای وکاریگەریان لەکۆی بەریانی ژیان وشارستانیەتی کلتوری ومادی مرۆڤ و ڕۆڵی ئەم بوونەوەرش وەک یاریزانی سەرەکی سروشت و، بەپێناسەی ئازادی ودەسەڵات وسەرووەریەکانی کەوشن لەچرکەساتی پژانی ئەندێشەی شاعیرو لەیەکەم وەستانە فکریەکانی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات وسەری هەڵداوە. یەکەم وێستگەکانی پرسین بۆمرۆڤ لەیەکەم هەنگاوەکانی ژیاندا سروشت بووەو، لەم چاخەشدا کە بەچاخی پاش مۆدێرن ناوزەد دەکرێت، هێشتا مرۆڤ بۆهەڵخستنی ڕۆحی ماندوی و گەڕانەوە بۆ مرۆڤ بوونی خۆی و، ساتێ دەرچوون لەبازنەی [بەشت بوون] و، جارجارێ لەخۆ دوان وبەرجەستەکردنەوەی سنوری نێوان [خۆیی

مرۆڤی وخۆیی بەشتبووی] تەنیا سروشتە کەمەودای ئەم گەڕانەوە وهەستی بەمرۆڤ بوونەوە و دابڕان لە شتبوونەی بۆ دەرەخسێنێ. لەڕاستیدا مرۆڤی سەرەتایی بۆدۆزینەوەی خۆی و ژیان وشارستانیەت وبەرجەستەبوونەوەی وەک بکەری کارای کەوشەن لەئامێزی سروشت وهاوڕێیەتی سروشت و، پاشان وێرانی سروشتدا بۆ وەڵامەکانی خۆی دەگەڕا. مرۆڤ ئازادی وسنوری رەهای دەسەڵات وبەرجەستە بوونەوەی خۆی لە کەوی کردنی سروشت ودابڕانی بەئاوەزانە لەسروشت دەدیت. ئەمرۆجارێکی دیکە مرۆڤ بۆدوزینەوەی [خۆی] بەشتبوو وە هاوڕێ ژیان خولقێنەکەی واتە سروشت ناچارە جارێکی دیکە دەستبداتە دابڕانێک دابران لەخۆییەکی بە کاڵاو شتبوو بۆ دۆزینەوەی خۆیەکی سروشتی. لەم پرۆسەی پرس ودابڕانەدا مرۆڤ بێ پسانەوە لە دیالێکتیکی دابران وناسیندایە. ئەوشاعیرانەی بتوانن هەناوی سەردەم، تایبەتمەندی و ویستی مرۆڤ وکۆمەلگا بناسن، دەبێت لەم رەوتە بگەن و لە پرۆسەی دۆزینەوەی خۆیاندایە کە مرۆڤ و ئازادی بۆ مرۆڤ وکەوشەن دەدۆزنەوەوخۆشەویستی مرۆڤ بۆمرۆڤ

دەستەبەردەکەن. خۆشەویستی مرۆڤ بۆمرۆڤ هیچ نیەجگە بەئەندازە و دادوەرانە هەڵسوکەوتکردن وجوڵانەوەلە کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و سروشت وکەوشەندا، شیعرشێتە. شێت بەم مانایە دەبێت لەهەموو پێناسە جێگرو پێش کراوەکان تێپەڕێت، تێپەڕێت بۆ خۆی، بۆ خۆیەک کە لەشتبوون ودابڕان دەناڵێنی ویستی گەڕانەوەیەکی ئازادە لە رەوت وپرۆسەیەکی سەربەستی ئازادی ناسین ومامەڵەدا. مەمەڵە لەگەڵ خۆی، بوونی، کەوشەن، دەسەڵات و ئازادیەکانی. هەڵنەپڕوکانی خەیاڵەکانی وخۆ رووتکردنەوە لە بەرتاوی ئەندێشەیەکی سانسۆرنەکراوی پڕپرسین وگەڕان..؟ کاتێ شتبوون گەمارۆی داوە بێگومان دەبێت دوور دوور بڕوات تالەبەریانی رویشتن و پرسیندا خۆی، خۆی بەشتبوو لەخۆی، خۆی مرۆڤ جیاکاتەوە. لەم سەفەرەدا ئەوە تەنیا خۆی بەشتبوو نیەکە دەدۆزرێتەوە بەیاد دێتەوە ئەوە ئەویشە، منم، تۆیت، مرۆڤی بەشتبووە کەجارێکی دیکە دەدۆزرێتەوە. دوورنەبوون و دوور نەچوونە لەسەفەری بێ برانەوەی مرۆڤ دا چارەنوسێکی نەخوازراوە. ناسینی تەنیا ئازارەکانی دابران و، ئاوابوونی مرۆڤ و کەڵەکەبوی

نۆستالۆژیاییە، کە شیعرو مرۆڤ بەشێکی هەرزۆریان نۆستالۆژیاییە ئاخر مرۆڤ بێ شیعر بوونەوەرێکی ناتەواو پڕخەسارە وشیعریش هەناسەیەکی مرۆڤانەیە ولەبوونەوەردا تەنیا بەمرۆڤەوە مانا پەیدا دەکات. تیرێژەکانی هاوار چراکانی گەڕانەوەن کە دەمیان کردۆتە پەنجەرەی پرسە رۆشنای خولقێنەکان.

## رامانێکی کورت لەشیعرێکی بڵند

هەرچەندە من لەڕاستیدا ئاشنایی وهاو هەناسەییەکی زۆر وردو بە مەودام لەگەڵ شیعر ودنیای دەقە شیعریەکانی بێهزاد نیە، بەڵام زۆر جاران و بەو پێیەی کە هاوڕێ بووین لەزۆر کات وکۆڕدا ئەم دەرفەتەم بووە کە گوێ بیستی دەقە شیعریەکانی بێهزاد بم.

نوێژانە یەکێک لەو دەقانە بووە کە زۆر جارم بیستوە وهەندێک جاریش هەر بەدەنگی بێهزادخۆی گوێ دێری بووم.

بە ڕوانین و لەدەلاقەی هزری خۆمەوە وادەزانم نوێژانە هەڵگری بیردۆزێکی هەرە گرنگی دیالیکتیکە کە مێژووی بە قەد میژووی ژیان و مرۆڤ و پرسە هەرگیز لەبران نەهاتوەکانیەتی لەبوون ، باوەڕ، جوگرافیا. یان

کات و شوێن. کەواتە دەتوانم بڵێم سیانەی {کات. زەمەن. شوێن. جوگرافیا. باوەڕ} سێ ڕەگەزی سەرەکی دڵەڕاوکەی سەرەکی کۆتایی نەهاتووی مرۆڤ بوون و هەن.

"ئەسیر کردنی زەمان " هەویای وەدینەهاتوی مرۆڤە. مرۆڤ لە دیرۆکی بوونی خۆیدا هەویای ئەم ئاواتەی بووەو هەیە: کەئایا بوونێکی واقعی لە زەماندا هەیە؟! لەراستیدا ئەوە مرۆڤە کەزەمان بەڕێدەکات یامرۆڤ ئەسیری زەمان و ئاراستەکانیەتی؟ بەدێوێکی دیکەدا کورت بوونی تەمەن و کەمهێنانی زەمان بۆ بەرفراوانی ئاواتەکانی مرۆڤ هێندە ڕوو لەکەمی و ئاوابوونە کە دۆزینەوەی رازی مانەوە وئەسیری هەتای تەمەن بووەتە مایەی سەفەرە نەبڕاوەکانی گلگامێش و خولقانی هەزاران چیرۆک و ئەفسانە و سەرهەڵدانی هەزاران ئستورە کەبەردەوام هەوڵی مرۆڤ و پێنەگەیشتنی لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دەگێڕنەوە. زۆرانبازیەکی دیالێکتیکی کۆتایی نەهاتو لەنێوان بوون و سروشتدا خەمی ئەبەدی و ئەزەلی مرۆڤ بووەو هەیە ئەوەتا لە نوێژانە دو هەر لەرێچکەی ئەم خەمە هەمیشەیەدا شاعر دەڵێت:

نیەتمە

فەرزی چوارگۆشەی ئەم ژیانە حازریە

نە برا، حازری چی؟

نیەتمە

فەرزی چوارگۆشەی ئەم ژیانە بەجێماوە

بە قەزا

چ کایەیەکی جوانی زمانی و لەهەمان کاتدا هزری و لۆژیکی ڕامان لە ووشەی (فەرز) ئاماژەیەکی زۆر گرنگ دەدات بەقەدەری نەخوازراوی مرۆڤ هەر لە خولقانەوە تا مردن. هاتنێکی (بەفەرزکراو) بۆ {بوون} سەفەرێکی فەرزکراو دیسان بەرە و (نەبوون ) لەم ئەیهامە شیرینەدا تەنانەت پرسێکی بونیادی دێتە ئاراوە لە باوەڕ بەئایدیاکانی سەپانی ئەم هاتن و چوونە کە ئیتر شرۆڤەکانیان ناتوانن وەڵامی پرس و خەمەکانی هۆنەر بدەنەوە کەپرس و خەمی هەموو مرۆڤە. لە چرکەساتێکا کەشاعیر زەمەن و بوون بە ئامادە و درێژکراوە دەزانێ، خێرا پەی بەم ڕاستیە دەبات کە (نەبرا، حازری چی) بەڵکو ئەو وەک مرۆڤ ڕێبوارێکی هەر چرکە ئاوابووی ڕێگای ئەم زەمەنە ڕوولە کۆتاییە کە نەسەفەر و نەهاتن و نە شرۆڤەکەشی بێ دەخالەت و ئیرادەی خۆی بوە. لەکاتێکا کە دەزانێ لەم دۆخە بەرزەخیەدا دەژی، مل نادا بۆ بێ ئیرادەیی بۆیە دەڵێ:

نیەتمە فەرزی چوارگۆشەی ئەم ژیانە بەجێماوە

بەقەزا بەجێ بێنم

بۆ بێتاقەتی

واتە دەخوازێ شقڵی مرۆڤ بونی خۆی دانێت، ئاخر مرۆڤ بێ ئیرادەو ئیختیار ناتوانێ مرۆڤی تەواو بێت، بۆیە بێهزاد وەک مرۆڤێکی تەواو هەم لە چوارچێوەی زەمان رادەپەڕێت و هەم دەخوازی کات بارگاوی بوونی خۆی بکات
.

ئۆکتا یۆپاقز دەڵێت:

هۆنراوە ئەسیرکردنی چرکەکانی زەمەنە.

ئەسیری ئەبەدی بوونی شاعیر -درێژکردنەوەی زەمەن و دەست بەسەراگرتنی شوێن نیە - بۆیە دەست دەداتە خولقانی زەمەنێ لەجوگرافیایەکدا کە چرکەکانی خۆی شرۆڤەی بوونیان بۆ بکات بۆیە جیهانێ دەخولقێنێ، جیهانێ کە تەنیا خولقاوی خۆیەتی خۆی دەتوانێ جوانی و بنەماکانی بونی داڕێژێت و بەس.

ئەفراندنی جوانی و خولقاندنی هونەری

خولقاندن و بەرهەمهێنان شارەگی ناوەندی ژیانی مرۆڤە، بەبێ هەوڵ و خولقاندن سەرکەوتنی مرۆڤ لەقۆناغی جەنگی مانەوەدا نەگونجاوە. بەرهەمهێنان کارێکی کۆمەڵایەتیە کە بەلێبڕان و هەوڵ و کۆششی هەمووان دەگاتە ئەنجام. لەکۆمەڵگای سەرەتایی هاوسازدا هەمووان لەهەموو قوناغەکانی بەرهەمهێناندا هاوکاری و هەرەوەزی دەکەن. بەڵام لەکۆمەڵگای ناسازگاری پێشکەوتوودا لایەنی بیریی کار و بەرهەم لەلایەنی عەمەلی و کردەیی کار جیا دەبێتەوە. ڕا لە کردار، زانین لە توانایی و ناسین لە دەست تێوەردان و، گۆڕان دوور دەکەونەوە. هەر یەک لەم دوو لایەنە دەکەوێتە ئەستۆی چینێ لە چینەکانی کۆمەڵگا، لەگەڵ گەشەو نەشئە کردنی توانایی و پسپۆڕیدا و دابەشبوونی کار و جیا بوونەوەی توێژە کۆمەڵایەتیەکان کردە هزریەکان لە یەک زیاتر جیادەبنەوە و، هەرچی زۆرتر دابەش دەبن بە کۆمەلێک کاری بچووک بچووکەوە، لە ئاکامی دابەش بوونی جووڵانەوە هزرییە بەرهەم هێنەکاندا (جادووی سەرەتایی) زانست و هونەر و یاسا کۆمەڵایەتیەکان لە دایک دەبن .

بۆئەوەی بتوانین ڕەوەندی هونەر بەوردی شیبکەینەوە لەکۆمەڵگای ناهاوسازی پێشکەوتوودا ئەبێ شوێن پێی خولقاندنی هونەری بدۆزینەوە و ، بە جیاکردنەوەی سنوورەکان و دیاریکردنی روون و ئاشکرای لەهەموو هەوڵەکۆمەڵایەتیەکانی دیکە بگەینە پێناسەیەک بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەکردن بۆ رەواننناسی مرۆڤ و روانگەی هونەری و زانستی پێویستە.

هەر وەک دیارە ئەتوانین رەوان و روانگەی هونەری زانا و هونەرمەند لەچوارچێوەی رەوان ناسی دا وادارێژین. مرۆڤ کەبەشێکی بوونەوەری بێ سنوورە. وەک هەربەشێکی دیکەی بوونەوەر گرێ دراوی بەشەکانی دیکەیە و لەگەڵیاندا لە پیوەندیدایە. ئەگەر بوونەوەری بێ مرۆڤ بە سروشت دانێین ئەتوانین بڵێن کە مرۆڤ و سروشت یەکێتی و هاوسازیان هەیە و هەموو کات وەک هاوکێشەیەکی بەرامبەر کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە و هەیە. بەواتایەکی دیکە لەرەوەندی ژیانی هەر مرۆڤێکدا گەلێ پەیوەندی دژوار و سەخت لە نێوان ئەو شوێنگە و خەڵکانی تردا دروست دەبێت. ئەم کۆمەڵە پەیوەندیە کەتاک بەسروشت و کۆمەڵەی مرۆڤەکانەوە دەبەستێتەوە. هەر ئەوەیە کە پێی دەڵێن (ژیانی زەینی)

ئۆرگانیزم واتە بەدەنی مرۆڤ لەسەرەتادا کۆمەڵێک کەرەسەی ساکار وسادەی هەیە کە تەنیا ئەتوانێ لەجووڵانە غەریزیەکاندا سەر هەڵبدات. جووڵانەوەی غەریزی دووپاتکردنەوەی سادەیی ئەو عادەتانەیە کەمرۆڤ لەرەوەندی پێشکەوتنی خۆیدا وردە وردە فێری بووە. ئەم عادەتانە لەگەڵ ئەوەدا کەبەرانبەر گۆڕانکاری ژیان و مرۆڤدا راوستاوە یەکجۆر دەنوێنن دیسانەوە بە هۆی روبەروبونەوەیان لەگەڵ شوێنگە و سروشت دەگۆرێن.

روبەروبونەوەی جەستە و شوێنگە دەبێتە هۆی گۆڕانی هەردوکیان. شوێنگە بەهوێ کاری مرۆڤەوە دەگۆڕێ و مرۆڤ لەکارتێکردنی شوێنگە کۆمەڵێک دۆخی تازە بەخۆیەوە دەگرێ و فێردەبێ.

مەبەستەکان یا پێداویستیەکانی شوێنگە هەرکات بەهۆی نەریتە ئیرسیەکانەوە دابین نەکرێن ئارامی غەریزە تێکدەچێ و دەشێوێ و بەناچاری جەستەی مرۆڤ دەکەوێتە جولانەوە و کۆشش کەئەم جووڵانەوە و کۆششە جووڵانەوەی غەریزی نییە. لە ئاکامی ئەم جووڵەیەدا پەیوەندی نوێ لەنێوان شوێنگە و ئەودا دروست دەبێت. هەست یا ناسینەوە یا دانای مرۆڤ

بەرهەمی ئەم پەیوەندیە تازانەیە.  مرۆڤ لە قۆناغی غەریزەدا دانا نییەو سروشت دوورە لەدەست تێوەردانی شعوری مرۆڤەوە. بەڵام لەڕوبەڕوبونەوەی غەریزە تاریکەکان و سروشتی کوێردا لەڕوبەڕوبونەوەی دوو شتی نەزان، زانایی یا ناسین لە دایک دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی جەستە لەمەیدانی کار و ئەزموون دا لەگەڵ سروشت رووبەروو دەبێتەوە. بەس کەوابوو سروشت واتە نەدەرەکان لەسەر بەدەن کاردانەوەیان دەبێ و راستەوخۆ جووڵە غەریزییەکان دەبزوێنن . ئەگەر ئەم دەنەدەرانە بەرادەیەک کاریگەربن کەبتوانن گۆڕانکاری یان وەستان یان دابڕین لە جووڵانەوە غەریزیەکاندا دروست بکەن، ناچار بەدەن دەکەوێتە کۆمەڵێک جووڵانەوەی تازە کەهەست یان ناسین یان زانستی لێ بەدەست دێنێ.

هەربەم پێیە دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر سروشت دا زۆرتر دەبێت و زاڵ دەبێت وە هاوکات لەگەڵ ئەم دەسەڵات و زاڵبونەدا کەرەسە و ئامرازسازی مرۆڤ گەشە دەکات و پێش دەکەوێ. هەر لەم  پەیوەندیەدا روونە کەهەرچی ئامڕازەکان و کەرەسەکانی مرۆڤ گەشە بکات و کاراتر بێت پێداویستیەکانی مرۆڤ ئاسان تر و زووتر بە دەست دێت و ئەنجام  ئەدرێت. مرۆڤ خۆشەویستترانە

دەڕوانێتە دروست کراوەکانی دەستی خۆی و کەرەسەکانی. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخێکی گرنگتریان ئەداتێ و هەوڵ ئەدات کەپێشکەوتوتریان بکات و، بە هۆیانەوە ژیانی خۆی خۆشتر و ئاسانتر بکات لێرەدا بەناچاری ئەسڵی خاوەنداری دێتە پێشەوە سەرهەڵئەدات. کۆمەڵێک کەس لەبارودۆخ و هەلومەرجێکی گونجاو و هەڵکەوتوودا دەستدەگرن بەسەر کەرەسەو ئامرازەکاندا و تایبەتیان دەکەن بەخۆیان. بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بەکاری دێنن . کۆمەڵێک کەسی تر بەهۆی نەبوونی کەرەسەی پێویستەوە ناچار دەکەونە خزمەتی ئەوکۆمەڵە کەسەو کاریان بۆدەکەن. لەم هەلومەرجەدا بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەڕادەیەکە کە تاقمێ دەتوانن بێ هیچ هەوڵدانێکی عەمەلی بژین. هەروەها ئەندامانی کۆمەڵ لەدوو هێڵی دژبەیەکدا کۆدەبەستن کەمینەیەکی تانوپۆ جیاواز و سەرتەڵ، لەگەڵ فراوانێکی کارو کردەدا . ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتیە لەماوەی (2500) و (3500) ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح لە سەرانسەری زێدی دوو روبارو و میسر و باکووری ڕۆژئاوای هیندستان سەری هەڵداوە.

بەشێوەیەکی گشتی گەشەکردنی ژیانی سەرەتای دوورە لەهاوسازی و تێکی دەشکێنێ لەسەرەتای ژیانی شارنشینی

دا یەکێتی ژیانی جادوویی سەرەتایی لەناودەچێت و لایەنی عەمەلی کار، لایەنی سەخت و ناڕەحەت و گران ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەرشانی زۆربەی کۆمەڵ و لایەنی بیری و فکری و جادوویی دەکەوێتە دەستی کەمینەیەکی کەمی کۆمەڵگا، جادووش بەهۆی بەربڵاوبونەوەی کار و پسپۆری و دابەش بوونی کار و دەستەبەندی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆمەڵایەتی دابەش دەبێت بەکۆمەڵێک جووڵانەوەی جیاواز، کەوابوو هونەر و زانست و لقەکانی، لەگۆڕانی جادوویی سەرەتاییەوە لەدایک دەبێت و سەرهەڵئەدات. لایەنی چاک و لەباری لە لایەنی خراپ و دزێوی جیادەبێتەوە. لایەنی خراپی ئەو واتە خەیاڵبافی وەک کۆنەپەرەستی و خۆرافیات گەشە دەکات و درێژەی دەبێت و لایەنی چاک واتە کارکردنی عەمەلی خەیاڵ لەواقیع دەبێتە هۆی ئامادەکردنی زەمینەی زانست و هونەر. مرۆڤ فێر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بەسەر واقیع دا بگرێت ئەبێ پەیوەندییەکانی بناسێ. واتە (علم) فێردەبێ بۆئەم کارەش دەبێ خۆی ئامادەبکات واتە هونەر فێردەبێت لەزانستی کۆمەڵناسی دا هەردوو بەشی زۆرینەو کەمایەتی کۆمەڵگا بەچین ناودەبرێن. چین بریتییە لەکۆمەڵێک کەس هەرچەندە جیاوازی و وردە دژایەتی تایبەتیان هەیە

لەبەرهەمی کۆمەڵایەتی دا شوێنێکی هاوبەشیان هەیە و لەسامانی کۆمەڵایەتی بەشێکی دیاریکراو دەگرن و دەبەن. یەکێک لەم چینانە بریتی یە لەهەموو ئەو کۆڕو دەستەو تاقم و کەسانە کەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و کاروباری نەزەری و سەرکردایەتی و چەوسانەوە، بەهەموو جۆرەکانی ئەنجام ئەدەن.

بەواتایەکی دیکە، چینێ لایەنی کردەی و عەینی کاردەکات و پێی لەسەر دادەگرێ و چینەکەی دیکە لایەنی بیری و زەینی کاردەکاتە بەشی سەرەکی. لەگەڵ دروستبون و سەرهەڵدانی چینە کۆمەڵایەتیەکاندا پەرێشانی و جیابوونەوە و دژایەتی لەژیان و کاری مرۆڤ دا خۆی نواند و سەری هەڵدا. پەیوەندی عەمەل و ڕا شل دەبێت و لەنێوان تاک و کۆمەڵدا ناسازی خۆی دەردەخات. بەشێوەیەک کەئیتر هیچ کەس نمونەی کۆمەڵگا نیە. بەڵکو هەر کەس بەپێی سنوورسازی چینایەتی سەر بەیەکێ لە چینەکان دەبێت.

**ڕەوتی سەرهەڵدانی هونەری**

لەهەر کۆمەڵگایەکدا چ سەرەتایی و چ پێشکەوتوو مرۆڤ بەپێی پێویستەکانی ژیانی خۆی کەرەستەو شتەکانی

ناو سروشت و بوونەوەر بەکاردێنێ. بەڵام ئەوکەرەستە و ئامێرانەی ناوسروشت هەمووکات بەکەڵکی پێداویستیەکانی مرۆڤ نایەت. پێویست بەوە دەکات کەمرۆڤ خۆی گۆڕانکاریان بەسەردا بهێنێ و ئامادەی بەکارهێنانیان بکات. ناچار مرۆڤ بە یارمەتی دەستی خۆی کۆمەڵێک کەرەستە دروست دەکات. واتە مرۆڤ خۆی بەپێی پێداویستەکانی لە شتەکانی سروشت و بوونەوەر، کەرەسە و ئامراز و هۆ دروست دەکات و بەکاریان دێنێ. ئەم بەکارهێنانە کوێرانە و بەبێ ناسین و بێ مەبەست نیە.

ئەم گۆڕانکاریە هاوڕێیە لەگەڵ کۆمەڵێک جووڵانەوەی هەست و دەروونی مرۆڤ چون دەزانین کەبەکارهێنان و پێداویستی مرۆڤ هەمیشە هاوڕێیە لەگەڵ هەست و نیازی پێویستی و دنەدانی دەروونی.

کەوابوو دەبێ بڵێین بەرهەمهێنان وە بەشێوەیەکی گشتی کار و ژیانی مرۆڤایەتی خاوەنی دوو لایەنی سەرەکیە. لایەنی روون و رواڵەت و بەرچاو (عینی) {دیدەی} وەلایەنی بیری ژیری و فیکری واتە (زەینی). مرۆڤ لەدونیای دیاری دەرەوەدا دەست ئەداتە دەستکاری و گۆڕان. بەڵام لەم گۆڕانکاریەدا ئەندێشە هاوبەشەو رۆڵی خۆی دەبینێ. چونکە مرۆڤ هەم کاردەکات و هەم بیر دەکاتەوە. بەم

پێناسەیە کەبیری مرۆڤ خۆڕسک نییە و لەخۆوە گەشەناکات. بەڵکو لەمەیدانی کار و کۆشش دا گەشەدەکات و بەربڵاودەبێتەوە بەمجۆرە هیچ جۆرە جموجوڵێکی ئابووری و بەرهەمهێنان نییە کەلایەنی فەرهەنگی نەبێت. ئەزانین کەپەیوەندی هاوکێشەی هاوبەشی کار و بیر لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندایە. کار تێکەڵاوە لەگەڵ جادوو. واقعییەت لەخەیاڵ جیانیە. لەم رووەوە کۆمەڵگای سەرەتایی کۆمەڵگایەکە زۆر ساکار و یەکگرتوو، بێ دژایەتی. هەموو خەڵک لەهەموو کارەکاندا شەریکن، هەرکەس موڵکی هەموو کۆمەڵە و بۆ کۆمەڵ دەژی سامانی کۆمەڵگای هەمووانە و تاک بەتەواوی تواوەی کۆمەڵە و لێی جیا نیە.

لەم کۆمەڵگایەدا لەدابەشبونی کار و دەستەو پیشەو تاقم باسێک نییەو هەموو هەمەکارەن بەس کەوابوو پیشە عەمەلییەکان لەکارە فکرییەکان وە لایەنی بەرچاو لەلایەنی بیری کارەکان جیا نییە و جیا ناکرێتەوە، وەهەروەها رِای تاک نموونەی ڕای کۆمەڵە و لەنێوان ڕای کۆمەڵ و تاک دا دژایەتی و جیاوازییەک نییە. وەک لەزانستی کۆمەڵناسی دا دەردەکەوێ مرۆڤ بەهۆی هەزاران ساڵ ژیان و ئەزموون و کار و بەرهەمەوە توانی

وردەوردە بەسەر کارە جۆراوجۆرەکاندا زاڵبێت و زۆرکەم ببنە پسپۆڕ تیایاندا.

بەهۆی ئەمەوە هەردەستە و تاقمێک لەکارێکی دیار و تایبەت دا زاڵ ئەبێت و جڵەودەگرێ بەدەستەوە. هەر ئەمە بووبەهۆی ئەوەی کە بەپێچەوانەی رابردوو هەمووکەس خەریکی هەموو کارێک ئەبێ بەم جۆرە پسپۆڕی دەبێتە هۆی دابەش بوونی کار وە دابەش بوونی کار دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کۆمەڵە جیاوازەکان.

واتە مرۆڤ بەپێچەوانەی ئاژەڵەوە بەهۆی پسپۆری و دابەشبوونی کارەوەیە یەکێتی و هاوسازی سروشتی خۆی لەدەست ئەدات و دابەش دەبێت بە کۆمەڵی جیاجیاوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی ناسین لەکۆنەوە پێوەرێکیان بەکارهێناوە. لەباسی پێوەردا کەناویانناوە ڕاستی واتە (حەقیقەت) یا رێکخراوەی بوونەوەر. ناسینێ کە هاودەنگی رێگا و جێگای بوونەوەربێت شیاوی ئەوەیە کەپێ بوترێت حەقیقەتی زانین کەبەڕاستی دوربێت لەواقیعیەت، پێی دەوترێ ناسین یا زانینی لەبارچوو وە دوور لەحەقیقەت، کەوابوو حەقیقەت یەکێکە لە تایبەتیەکانی ناسین و زانین.

ئەزانین کەتەواوی بوونەوەر لەگۆڕان و جووڵان و هەوڵدایە. مرۆڤ کەناسێنەری واقعییەتە، بەردەوام لە گۆڕاندایەو، شوێنگە کەبابەتی ناسینی مرۆڤە هەر کات و سات دەگۆڕێ. کەوابوو کارکەری ناسین وە بابەتی ناسین هەردووکیان لەگۆڕان دان، کەوابوو ناچار پەیوەندی ئەم دووانە کەبریتییە لەناسین هەمیشە بەیەک شێوە نامێنێتەوە وەلەئاکامدا حەقیقەت ناسین ناتوانێ چلۆنایەتییەکی وەستاو و بەردەوامی هەبێت وە هەروەکو بوونەوەری زیندوو لەرەوەندی گۆڕانکاریدایە، راستییەکانیش دەگۆڕێن لەبارەی هەرشتێکەوە بە دیاریکراوی ئەوەی کەدوێنێ راستی بوو. ئەمڕۆ جێگای خۆی داوە بەڕاستیەکی دیکەوە ئەوەی ئەمڕۆ حەقیقەتە بەیانی دەگۆڕی بە حەقیقەتێکی گەورەتر، کەوابوو حەقیقەت هاوڕێ لەگەڵ جموجووڵی رانەوەستاوی واقعییەت بەردەوام لەڕەوەندی خولقاندن و دروستکردن دایە. ئەم خولقاندنە بێگومان لەکاتدا واتە لەرابردوو و داهاتوودایە. وەهەروەها ئێمە کەهەمیشە لەناوەندی ئەم دوانەداین، خاڵی جیاوازی رابردو و داهاتووی پێ دەڵێین. ئێستا هەوڵ ئەدەین بەیارمەتی راستییەکانی رابردوو لەزەمانی ئێستادا، راستیەکانی داهاتوو پێشبینی بکەینەوە پێش هەنگاو

هەڵێنان ڕێگای خۆمان ببینین و ئامادەی بکەین. کەوابوو بۆمان روون دەبێتەوە کەحەقیقەت زەمانی هەیە. حەقیقەتیش بەبێ زەمان پووچە و خەیاڵی یە.

کەوابوو حەقیقەت ڕەنگدانەوەی دینامیکی وەڕەوەندێکی پێشکەوتووانەیە.

ناسینی ڕێکخراوانە و ڕێک لەمێژووی مرۆڤدا بەدوو شێوەی سەرەکی خۆی دەرخستووە. (ناسینی هونەری و ناسینی زانستی) لەژیاندا هەرکەس بەیارمەتی و هۆی هەستەکانەوە لەگەڵ سروشت رووبەڕوو دەبێتەوە. بەو کۆمەڵە ناسین و زانینە ناوبەناو بڵاوانەی کەلەشتەکانی دەوروپشتی خۆی دەیگرێ قۆناغی یەکەمی ناسین دەخاتە پشت سەرەوە، تاڕادەیەک دەگاتە ناسینی نموونەکانی بوونەوەر. ئەم جۆرە ناسینە کەکەرەسەی پێویستی ژیانی عەمەلیە سادە و ساکار و روکەش و لایەنی سۆزیەکەی بەهێزە. بەڵام ئەزموون و تاقیکاری مرۆڤ ئەتوانێ بەتێپەڕکردنی قۆناغی دووهەمی ناسین، زانینەکانی خۆی بکاتە واتا. ناسینەکەی خۆی قووڵ کاتەوەو بەربڵاوی بکات و لەواقعییەت نزیکی کاتەوە. ئەمجۆرە ناسینە کەبەخەستی و زۆر نزیک لە واقعییەتەوە بەدەست دێت پێی دەڵێن (زانست- علم) مەبەستی زانست وەکوو هەموو

جموجووڵەکانی تری مرۆڤ زاڵبونە بەسەر واقعییەتدا وەئاسانکردنی ژیانی عەمەلی مرۆڤ، زانست واتە ناسینی یاساکانی واقعییەت، توانا بەمرۆڤ دەبەخشێ تاپێشبینی بکات، وەپیلان ڕێکخات و نەخشە بکێشێ و دەست بەسەر واقعییەتدا بگرێت. چونکە ناسینی واقعییەت تەنیا بەهۆی ئەزموونەوەو دەست خستنە ناو واقعییەتەوە بەدەست دێت.

شێوەکانی هەموو زانستەکان وەک زانستی ماتماتیک – فیزیا– بەزیندەوەر ناسی و کۆمەلایەتی لەسەر بنەڕەتی ئەزموون ورد و دەقیق دارێژراوە. گومان نییە کەئەزمونی زانستی پێویستی بەلێکدوانەوە و دارشتن و سەلماندن هەیەو ئەم بابەتانەش بەپێی گۆڕانی چۆنیەتی بیرکردنەوە و فەلسەفەی داڕێژراوە، کەدەبێ زانیاری دەوری خۆی تێدا ببینێ. کەوابوو دەبێ بڵێین زانست بریتیە لەناسینی مرۆڤ لە دوو شێوەیەدا و جیا ناکرێتەوە. شێوەی سۆزداری و شێوەی ژیری. شێوەی ژیری هەواڵی شوێنگە دەگەێنێ و شێوەی عاتفی نیشاندەری دۆخەکانی ناوەوەی ئۆرگانیزمە. ناسینی زانستی بەناچار هەردوو دیوی ئەم ناسینە دەگرێتەوە چونکە ژیری عاتفیشی لەگەڵدایە.

لەگەڵ ئەمەشدا چونکە ناسینی زانستی لەناسینی هەستی دوورەوە لەگەڵ واتا دابڕاوەکاندا دەژی زۆر عاتفی نییە. زانا تێدەکۆشێ تا ئەو شوێنەی کە دەتوانێ شوێنگە بخاتە بەرباس و پێی لەسەر داگرێ لەبەرئەمە ئەتوانین لەپێناسەی زانستدا بڵێین بریتییە لەناسینی واقعییەت لەڕێگای ئەزموونەوە بەپاڵپشتی فەلسەفەیەک بەپێی داگرتن لەچەندایەتی نیسبەتی لایەنی ژیری لەچاو لایەنی هەستی ناسینی زانستیدا لەبارەی هەموو زانستەکانەوە یەکسان نییە. هەر وەکو لایەنی بیری زانستی ماتماتیک لەزانستەکانی تر بەرچاوترە، بەڵام هیچ زانستێک نییە کەسەرانسەری دووربێت لەلایەنی هەستی وەسەربەخۆبێت، لە ئۆرگانیزم، هەتا زانستەماتماتیکیەکان کە بیریترین و دابڕاوترین زانستەکانە. جووڵانەوەیەکی ناوەکیە وە ناچار بەستراوەتەوە بە ژیانی دەروونی یان عاتفی ئێمەوە.

شاراوە نییە کەزانستی مرۆڤ بەستراوەتەوە بەهەستەکان و ئەزموونی مرۆڤەوە. هەروەکو هەموو ناسینەکانی تر لەڕەوەندی زەماندا بەپێی ویستەکانی ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێن و بەهۆی زۆربوونی تاقیکاری و ئەزموونی نەوەکانەوە بەردەوام بەش بەش دەبێ و بەربڵاوییەکی

فراوانتر دەگرێتە خۆی، کەوابوو دەبێ ئەوە قبووڵ بکەین کە زانست جۆری ناسینی رێژەیی بگۆرە، بەڵام چوون ناسینی زانستی لەپراکتیکدا لەگەڵ واقعییەتدا هاوساز دەبێت و دێتەوە باس، هاوکات لەگەڵ رێژەیی بوونی خۆیدا باوەڕپێکراو و ڕاستەقینەیە.

بەواتایەکی تر، زانست تائەو ڕادەیەی کەلەگەڵ واقیعدا هاوسازبێت و یەکبگرێتەوە باوەڕپێکراوە سەرچاوەیە و مووتڵەقە. زانست و کار پێویستی یەکترن و تەواوکەری یەکترن.

پێویستە بگۆڕەکانی ژیان، هەمیشە و هەموو کات دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ ناسینی تازە وەدەست بێنێ و ناسینە تازەکان دەبنەهۆی گۆڕانی پێداویستیە عەمەلیەکان. قۆناغی ناسینی ژیری بەواتایەکی دیکە لەسەر لایەنی ژیری ناسین پێ دابگرین دەگەینە ناسینی زانستی وەلەگەڵ چەندایەتیدا سەر و کار پەیدا دەکەین. ئەگەر لەقۆناغی یەکەمی ناسیندا بووەستین و لایەنی هەستی ناسین گەورە بکەینەوە، وەک بنەمایەکی سەرەکی ببینین دەگەینە ناسینی هونەری، هەروەکو زانا بە لەبەرچاوگرتن و پێداگرتن لەسەر واتا گشتیە ئەبستراکان واقعییەتی دەرەوە بە پێی توانا لەدۆخەکانی ئۆڕگانیزمدا دەرئەبڕێ و

بەزمانی چەندایەتی دەری دەبڕێ. هونەرمەند بەپێداگرتن لەسەر وێنە لقەکان (وێنە پاژەیەکان) زەینی واقعییەتی ناوەکی و روون تاڕادەیەک لە واقعییەتی دەرەکی دادەبڕێ و بەزمانی چلۆنایەتی بەیانی دەکات. لەبەرئەمە لەکاری هونەری دا رێکخراوەی واقعییەتی ناوەکی زۆرتر لەیاساکانی واقعییەتی دەرەکی لەبەرچاو دەگیرێت. بەپێچەوانەی ئەوەوە لەکاری زانستی دا واقعییەتی دەرەکی گەورەتر و لەبەرچاوتر دەبینرێ و نیشان ئەدرێت.

بەم پێناسەیە روون دەبێتەوە کەهونەرمەند هەر وەکو زانا خوازیاری ناسینی ڕاستیە لە واقعییەت وەهەروەها مەبەستێکی جگە لەدەست بەسەرداگرتنی واقعییەت نییە. ناسینی هونەریی هەروەک ناسینی زانستی پێویستی بەئەزموون هەیە

وە ئەزموونەکانی هونەرمەندیش لەزەمینەی فەلسەفی خۆی سەر چاوە دەگرێت و ڕەنگی ئەوی پێوەیە. لەئاکامدا ئەتوانرێت هونەر ئاوەها پێناسە بکرێت: جۆرێک ناسینی واقعییەتە لەڕێگای ئەزموونی و تاقیکاریەوە بەپاڵپشتی فەلسەفەیەک و بەپێداگرتنی لەسەر چلۆنایەتی.

رێژەی لایەنی هەستی ناسینی هونەری لەچاو لایەنی ژیری دا بۆ هەموو هونەرەکان یەکسان نییە. هەروەکو

لایەنی عاتفی مۆسیقا لەهونەرەکانی تر زۆرترە، بەڵام بێگومان هیچ هونەرێک نیە کە یەکسەرە لەواقعییەتی دەرەکی دا بڕواو سەربەست بێت. هەروەکو هیچ زانستێک نییە کەیەکسەر لەواقعییەتی دەروونی دا ڕابردو بێت: هەتا مۆسیقی کە عاتفیترین هونەرە خۆی لەبەرامبەر ئۆرگانیزم دا هۆیەکی دەرەکییە و بەناچار بە واقعییەتی دەرەکیەوە پەیوەندێکی هەیە، هونەری لەسەداسەد قووڵ و دەروونی ئەگەر هەبێت و دەست کەوێت فۆرمولێکە لە جمووجووڵی دەروونی ئۆرگانیزم و بەس، هەرگیز ئێمە بەبوونی قایل نابین، چونکە ناتوانی بوونی خۆی دیاری بکات. هەروەها زانستی لەسەداسەد نایاب و دەرەکیش ئەگەر هەبێت بیردۆزێکە لەجمووجووڵە شڵەژاوەکانی شوێنگە کەبەهیچ جۆری ناتوانی زەین بەرەولای خۆی راکێشێ.

هونەریش هەروەکو زانست بەپێی پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردادێت لەهەر زەمانێکدا ناسینێکی تازە لەواقعییەت ئەدات بەدەستەوە، ئەم ناسینە تازەیەش بەنۆبەی خۆی پێداوێستی عەمەلی تازە دێنێتە گۆڕەوە، وە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری ژیانی کۆمەڵایەتی. زانا و هونەرمەند هەردوکیان واقعییەت

دەگۆڕن زانا لەژێر سێبەری واقعییەتە دەروونیەکاندا واقعییەتی دەرەکی ئەدۆزێتەوە. هونەرمەند لەژێر سێبەری واقعییەتەکانی دەرەوە واقعییەتە دەروونییەکان دەناسێ و دەناسێنن هەردوو دۆزەرەوەی حەقیقەتن یەکێکیان لە حەقیقەتی زانستی ئەدوێت و یەکێکی دیکەیان لە واقعییەتی هونەری یان جوانی ئەدوێت، لێرەدایە کەقسەکانی هونەری ئینگلیزی (جان کیتس) بەڕاست دەگەرێت کە دەڵێ:

«جوانی حەقیقەتە و حەقیقەتیش جوانییە»

«ئەمەیە ئەوشتەی کەتۆ لەزەمیندا ئەزانی و ئەبێ بزانی».

مرۆڤ لەمەیدانی کاردا بۆ گۆڕانەی کەبەسەر سروشتدا دەیهێنی ناسین وەدەست دێنی و بەهۆی ناسینی سروشتەوە خۆیشی دەگۆڕدرێت، کە گۆڕا بەبۆچوون و رایەکی تازەوە بەرەو پیری شوێنگە دەچێت، لەسروشتدا دەست ئەداتە گۆڕانکاری تازەو و دەگاتە ناسینی تازەتر، دیسانەوە خۆی دەگۆردرێت. زانا هەوڵی خۆی تەرخانی دۆزینەوەی چلۆنایەتی گۆڕانکاریە تازەکان دەکات، کەبەهۆی کاری مرۆڤەوە لە واقعییەتەکاندا خۆیان دەردەخەن، هونەرمەند هیمەتی خۆی تەرخان ناسینی

ئارەزووەکان یا توانا تازەکانی گۆڕانکاری تازە دەکات، کەبەهۆی کاری مرۆڤەوە لە واقعییەتەکاندا خۆیان دەردەخەن، هونەرمەند هیمەتی خۆی تەرخان ناسینی ئارەزوەکان یان توانا تازەکانی گۆرانکاری تازە دەکات، کە لەدەرونیدا دانراون. زانا بەناسینی واقعییەتی ئامادە ئەوەی کە هەیە، مرۆڤ ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە دەکات، لەگەڵ ڕووداوەکانی داهاتوودا، هونەرمەند بەناسینی واقعییەتی بوون ئەوەی ئەبێ ببێت ڕێگای جووڵانەوەکانی ئەمڕۆی مرۆڤ و ڕێگای بەدەستهێنانی توانایەکان و چاوەڕوانیەکانی مرۆڤ پێشبینی دەکات.

مرۆڤ بەپێچەوانەی هەموو گیاندارانی ترەوە لە مەیدانی ژیان و کاردایە کەواقعییەت دەگۆڕێت. بە گۆڕانی واقعییەت دەناسێ، واتە واقعییەت دەناسێ و بەناسینی یاساکانی ئەو ڕێگای زاڵبوون بەسەریدا بەدەست دێنێ و لەجەبەری تورەی سروشت رزگاری دەبێت. بەس کەوابوو کاری مرۆڤ کە هەوێنی ناسین و زانینە و هۆیەکی سەرەکی و مەبەستییە کاری زانستی مرۆڤ بەجەبەری دەرەکی و کاری هونەری مرۆڤ لەگەڵ پێویستی دەروونی هاوساز دەکات و لە ئاکامدا بەسەریاندا زاڵدەبێت. لەم ڕوانگەوە زانست بەیانی ئازادی مرۆڤە لەدونیای ئیدراکاتدا. هونەر

روانگەی سەربەستی مرۆڤە لەجیهانی هەستەکاندا. هونەر شوناسی عاتیفەیە کەئێمە دەخاتە شۆر و جەزبەوە، زانست جووڵانەوەیەکی دەرەکییە کەئێمە دەگەیەنێتە زانیاری. هونەر لەدونیای ڕاو و بیردا (نەزەر) کەسایەتی مرۆڤ جێگیر و راوەستاو سەلماو دەکات و ڕێکوپێکی پێ دەبەخشێ، وەلە مەیدانی کاردا بابەتی ناسینە. واتە واقعییەتی دەرەکی ڕێکوپێکی دەکات زانست لەجیهانی نەزەردا کەسیەتی مرۆڤ دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی ژیریەوە وە لە جیهانی عەمەلدا چوارچێوەیەکی ڕێکخراو دەسەپێنێ بەسەر واقعییەتی دەرەکیدا یەکدەنگی و هاوسازی زانست و هونەر لێرەدایە کەکاریگەری عەمەل هەر ئەو کارگەری ناسینەیە و بابەتی کار هەر ئەو بابەتی ناسینەوەیە. دیسانەوە هەرئەم هاودەنگی و هاوسازییەی زانست و هونەرە کەمەیدانی بوون و خۆدەرخستن دەبەخشێ بەفەلسەفە، **بە کورتی بزانین فەلسەفە چییە؟**

هەموو ئێمە لەگۆڕەپانی کار و ژیاندا دەبینە خاوەنی کۆمەڵێک زانست و زانیاری، کەلەجیهانی بوونەوەری دەوروپشتمان وەری دەگرین و، هەموو ناسینەکانی ئێمە دەگرێتەوە. ئەم ناسینە گشتیە ئەتوانرێت پێی بووترێت

فەلسەفە. دەزانین کە واژەی فەلسەفە تەعریفێکی واژەی یۆنانی (فەیلوسوفیایە) بەمانای دانش دۆستی و زانیاری ویستی، بەڵام لە مێژووی زانیاریدا ئەم وشەیان لەبری کۆمەڵێک زانیاری و زانستی یەککەسی یا کۆمەڵێک یا کۆمەڵگایەک بەکارهێناوە.

ئێستا بەپێی ئەو باسانەی سەرەوە جێگای خۆیەتی ئەگەر سەرنجێک لەهۆنراوە بدەین و هونەر سەیر بکەین. هۆنراوە بەمانای گشتی وشە ڕێکخراوەیەکە لە وشە کەکێشی تیادا بەدی بکرێت و لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لای هەموو گەلانی دونیا خاوەنی کێش بووە، هیچکات بە وشە و ڕەستەی بێ کێش نەوتراوە هۆنراوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە کێش هەمیشەو هەمووکات لای گەلانی دونیا یەکسان نەبووە، وە بەیەک شێوە نەبینراوە (کێش جۆرێک ڕێکوپێکی و هاوسازیە) هاوسازیەکە بەهۆی هەستکردن بەیەکێتی کۆمەڵێک شتەوە لەپەیکەرێکی یەکگرتوودا درووست دەبێت.

هەستکردن بەتەناسووب و کێش بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگای بیستنەوەیە، هەر وەکوو ئەوەی کە کاری بەکێش و مەوزوون لەماندوویەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، کێشی شیعریش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندێشەی مرۆڤ

پرژوبڵاو نەبێتەوە. دەبێتە هۆی ئەوەی کە رێکوپێکییەکی بەهەست لەزەیندا دروست بێت و ئامادەی وەرگرتنی مانا و مەبەستی دەکات.

(ری چروز) رەخنەگری ئەدەبی ئینگلیزی دەڵێ: کێش و بەحر لەهۆنراوەدا هۆیەکی هیسنۆتیکەو دەبێتە هۆی سستی و خەو، ئەوەش دەزانین کە هەر کارێکی درێژخایەن و یەکدەست دەبێتەهۆی سستی و خەو، بەڵام سستی و خەوی هۆنراوە بەهۆی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانیەوە دادەمرکێتەوە و دەکەوێتە لاوە، هەر بەم بۆنەیەوە هۆنراوە وەک خەونێک وایە کە هوشیار و بێ پسانەوە دەی بینێ و رادەچڵەکێ.

کەوابوو هەروەکو (یەتیس) دەڵێ: مەبەست لە کێش ئامادەکردن و سازکردنی کات و ساتی بیر کردنەوەیە، ساتێ کەهەم خەوتوین و هەم هوشیارین. دەزانین کەهۆنراوە هەموو شتێکی سیمایەکی هەیەو ناوەڕۆکی هەیە، سیماکەی یا ڕواڵەتی هۆنراوە لەکێش وشە وەیە {فۆرم} ئەم کێشە خاڵی جیاوازی هۆنراوەیە لەداستان و مۆسیقا. دەزانین کەهۆنراوە واتایەکی خاوەن کێشە و داستان کێشی نییە، وەمۆسیقا کێشی بێ وشەیە.

بەڵام هۆنراوە بەهۆی ناوەرۆکی خۆیەوە شتێکە زیاتر لەواتای خاوەن کێشی کەزانین و هەستی لە گەڵدایە. بەواتایەکی دیکە، شیعر سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی نیزامێکی وێنەییە، خاوەنی کۆمەڵێک وێنەی پڕ ماناو هەستیە، کەوابوو هۆنراوە لەسێ شت پێکهاتووە:

1 - سەروا – کێش.

2 - وێنە هەستیە بەشیەکان.

3 - هەست و نەستی بەهێز.

زمان وەکو جیهانێکی چکۆلە وایە کەدنیای گەورەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی خولاسە دەنووێنێ، هەر ووشەیەکی زمان بەهۆی ئەوەوە کە بەسراوەی شتێکی تایبەتیە لە بیروزەیندا وێنەیەکی زەمینی تاڕادەیەکی ڕۆشن و دیاری کراو دەردەخات و دەنوێنێ، ئەم وێنەیە بەپێی هاوسازی لەگەڵ ئێمەدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدان و جوڵانەوەی هۆشێکی دیاری. نووسەر یا ووتەبێژ بیر و هەستی خۆی بە هۆی ئەزمونەوە بەدەستهێناوە بەدەربرینی وشە دەیگوازێتەوە بۆکەسانی تر، بۆئەوەی نووسەر بتوانێ

کە بیر و هەستێکی تازە بگەیەنێتە گوێگر، یا هەست و بیری ئەو بگۆڕێ، ئەبێ لەنێوان ئەو و بیسەردا دونیایەک لەبیر و هەستی هاوبەش هەبێت.

وە هەروەها هۆی ئاماژەی هاوبەش هەبێت. دونیای بیری هاوبەشی مرۆڤەکان هەر واقعییەتە. نووسەر بەپێی تێگەیشتنی خۆی کۆمەڵێک بیر و هەست لەواقیع دەگرێ و بەهۆی وشەوە بیسەر ئاگادار دەکاتەوە لەوەرگرتنەکەی خۆی، کەوابوو وشە شتێکی کۆمەڵایەتیە، بەهێزی و لاوازی ئەو بەستراوە بەوەوە کەتا چ ڕادەیەک ئەتوانێ کار بکاتە سەر بیسەر، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری وەئەگەر خۆی لەخۆیدا خاوەنی بەها نییە وەک پارەی بێ پاڵپشت وایە، بەهۆی پەیوەندی بیر بەهەستەوە. هەر وشە سەرەڕای ئەو بیرەی کەلەگۆیگردا دروستی دەکات هەستێکیشی تیادا دەبزووێنێ، ئەم دوو لایەنەی ووشە لەزۆر کۆنەوە ناسراوە، هندیەکان بەمانای (وانا)وە دانتە بە (واتای نیشانەی بیری) وە نیشانەی هەستی باسیان لێکردووە. بەشێوەیەکی گشتی هیچ وشەو رستەیەک لەپەیوەندی مرۆڤایەتیدا نیە کەلەبوونی خۆیدا خاوەن دوو لایەنی هەستی و بیری نەبێت. بەڵام هونەر بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەو

وشانە گوڵبژێر دەکات، کەباری هەستی زۆرتریان هەیە. چونکە لایەنی هەستی و وشە بە هۆی ئەو شتانەوەیەک لەدرێژەی ژیانی کۆمەڵایەتی و هاوڕێ وشەبوندا پێکدێن، بەس کەوابوو لایەنی هەستی وشە زۆر تا کەم، بۆ کەسانی کۆمەڵگایەک یەکسان دەنوێنێ.

لەئەم دۆخەدایە کەئەو هەست و نەستەی کە نووسەر ئەیدا بەگوێگر هەرچەندە کەوەک کەسێکی دیارو ناسراوە لەهەمان کاتەدا دیسانەوە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی هەیە و سەر بەهەموو کۆمەڵگایە، وە لەدەرەوەی ئەو کۆمەڵگایەدا بەوردی و دروستی وەرناگیرێن. لێرەدایە کەئەگەر بتەوێ هۆنراوەیەک لێک بدەیەوە یا وەریبگێری هەست و نەستی پڕشۆری ئەو هۆنراوەیە لەناو دەچێت و لاواز دەبێت.

دابەشبوونی کۆمەڵگا بەدوو چین لە قۆناغی (نوێ بەردیدا) ڕووی داوە. بەرلەوە لە دەوری (کۆنەبەردی)دا کە چاخی کۆکردنەوەی خواردەمەنیە وەلە (50.000) تا (10.000) ساڵ پێش دەگرێتەوە. مرۆڤ بەگۆشتی گیاندارانی ڕاوکراو یان بەهۆی میوەو ڕیشەی گیا ڕووەکیەکانەوە دەژیاو ژیان بەڕێدەچوو، هەموویان ناچار بوون وەک گیاندارانی وەحشی هەر لەبەیانییەوە

تارۆژئاوابوون بەدوای خواردەمەنیدا بگەرێن و هەوڵ بدەن. بەڵام لەچاخی نویێ بەردیدا کەچاخی بەرهەمهێنانی خۆراک و کشتوکاڵە لە(10.000) تا (5.000) ساڵ دەگرێتەوە مرۆڤ وردەوردە لەگەڵ ئاژەڵداری و ڕاوکردن ئاشنا دەبێ و لەئاوارەیی ڕزگار دەبی. بەهۆی زۆربوونی بەرهەم و هەروەها کۆکردنەوە و زەخیرەکردنی پێویستیەکانەوە کاتوسات بۆ جووڵانەوەو ئەنجامدانی هەندێ کاری سەرگەرمکردن و ناپێویست پێش دێت.

لەئاکامدا بەشێ یا چینێ لەکۆمەڵ ئەتوانن بەبێکاری و بەرهەمنەهێنانی ڕاستەوخۆ بژین. لەکۆتایی قۆناغی نوێ بەردیدا لەزۆربەی ناوچەکانی زەمیندا پیشەی بازرگانی و مامەڵەکردن کە هاوڕێی کشتوکاڵ گەشەی کردبوو، گرنگی خۆی بەدەست دێنی و دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی چینی بکڕو بفرۆشانی تازە کەهیچ جۆرە پەیوەندیکیان بە کشتوکاڵەوە نیە. لەسەردەمی شارنشینیدا لە (٥٠٠٠) ساڵ لەمەوبەر دژایەتی چینایەتی توندتر دەبێتەوە و پڕڕەنگتر خۆی دەنووێنێ سەرەتا چینی خاوەن کۆیلە لەبەرامبەر بێ سامانان‌دا، بەڵام جیاکردنەوەی عەمەل لەنەزەر هیچکات مووتڵەق نیەو مرۆڤ ناتوانێ لەهیچ کارێکدا لایەنی عەمەلی و نەزەری کار بەتەواوی و لە

سەداسەد لەیەک جیاکاتەوە هەر لەبەرئەمە ئەندامانی ئەو چینەی کەلەمەیدانی کاردا نووقم دەبن ناکرێ و ناتوانرێ یەکسەرە و ڕاستەوخۆ وەک کۆمەڵێک ئامێر و ماشێنیان پێ بکرێت، بەڵکو ئەوان هاوکات لەگەڵ کاردا ئەندیشەیان هەیە و گەشە دەکات بۆ خۆیان دەبنە خاوەن ڕاو ڕایان هەیە. سەرەڕای ئەم جیاوازیە سەرەکیە کەڕای ئەوان ساکارە و لەپێویستیەکانی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت. چینی نوێی کۆمەڵ زۆرتر لەدونیای نەزەردا دەخولێنەوە سەرگەرمی ئەندێشەی دژوار و پێچاوپێچی خۆیانن، کەزۆر لەگەڵ دنیای ڕاستی و کردەدا پەیوەندی نیە. بەپێی ویستی ژیانی زۆر بەو کەمایەتی کۆمەڵ ڕاوبۆچوونی هەردوولایان جیاوازیان لەگەڵ یەک هەیە. هەر بەم پێیە لەدڵی فەرهەنگی گشتی کۆمەڵگاکاندا دوو فەرهەنگی جیاواز بەدوو بۆچوونی جیاواز و ناساز بەدوو جۆر هونەرەوە پەروەدە دەبن و گەشە دەکەن.

(شەلێو) کۆمەڵگاناسی بەناوبانگی ئەڵمانی تایبەتیەکانی بۆچوونی چینی خوارەوە و چینی سەرەوەی کۆمەڵگا وا بەراوورد دەکات.

(دووربین و ڕوانین بۆ داهاتوو)

(پێداگرتن لەسەر بوون و گۆڕانکاری)

چینی سەرەوە

(کۆنە پەرستی و گەڕانەوە بۆ دواوە)

(پێداگرتن لەسەر بوون و هێڵانەوەی دۆخی ئێستا)

لەم جۆرە بەراوردکردنەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کەکەمایەتی سەرتەڵ لەترسی لەناوچونی دەستکەوتەکانی خۆی دژی هەموو جۆری گۆڕانکاریەکی بەسوودەو هەوڵی مانەوەی هەلومەرجەکە هەر وەک خۆی ئەدات.

بەپێچەوانەی زۆربەی زۆری کۆمەڵەوە کەبەهۆی بێ بەشیی خۆیەوە بۆ گۆڕانکاری و خولقاندن و تازەکردنەوە گۆڕینی هەلومەرج و ژیانی خۆی پێشوازی هەموو جۆرە گۆڕانکاریەکی بەسوود و خولقێنەر دەکات.

کەمایەتی سەرتەڵ بەبێ بەرهەمهێنان و تەنیا بە چاودێری لەسەر رەوەندی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا دەژی جووڵانەوەی کردەییە و بەهیچ و سووک و ناشیرین دایدەنێ و تێدەکۆشێ تا جوڵانەوەی نەزەری یەکسەرە لەجوڵانەوەی پراکتیکی جیا بکاتەوە، شعور یان ناسین دوو قۆناغی هەیە. قۆناغی ناسینی هەستی و قۆناغی ناسینی ژیری، لەقۆناغی ناسینی هەستیدا هەریەک لەشتەکانی

سروشت و شوێنگە لەڕێگای هەستەوە لەسەر بەدەن کاردانەوەیان دەبێت.

کاردانەوەی دنەدەر لەمێشکدا سەرەتا بەوێنەی (هەست) خۆی دەنوێنێ و لەپاشاندا دەبێتە زانین واتە درککردن، بەهۆی ئەمانەوە مرۆڤ هەست بەشتێکی پاژەیی و بەشی دەکات، دەیناسێ، ئەگەر دنەدەری شوێنگەیی نەبێت هەست و زەینیەکان بەپێی پێداویستیەکانی شوێنگە برِێجار وەک ریشە و ئەسڵی خۆیان دەردەکەون. (وەک بیرهێنانەوە)، وەهەندێ جاریش بەسیمایەکی گۆراوەوە لەبەرامبەر زانراوەکاندا، وەهەروەها لەبەرامبەر وێنە زەینیەکاندا کاردانەوەی دەبێت دۆخی تایبەتی بەخۆیەوە دەگرێت کەلەزانستی رەوانناسیدا پێی دەڵێن (هەست یان شعوور).

لەقۆناغی ناسینی ژیریدا، (زانین) یا وێنەی زەینی کەنوێنەری دنیای دەرەوەیە، بەهۆی لێکدانی لەگەڵ زانینە کۆنەکانی مێشک یا وێنەزەینیەکان بەراورد و هەڵسەنگاندنی دەکرێ، دەستەبەندی دەکرێت بەشی تایبەتی و ریزپەڕەکانی لەبەرچاو ناگیرێ و فرِێ دەدرێ و، بەشە گرنگەکانی دەخرێتە ژێر وردبینیەوە و گرنگیان پێ ئەدرێت، لەئاکامدا ناسین و زانینی بەباشی و فۆرم

کەتایبەتی شتێکی دیاری کراوە وەتەنیا لەڕەواڵەت ئەدوێ، بەهۆی وێنە زەینیە کۆنەکانەوە بەربڵاو دەکرێت و دۆخی گشتی بە خۆیەوە دەگرێ. لەژێر ناوێکی گشتیدا ناوگیر دەکرێ و ناوەڕۆک یان جەوهەری ئەوشتەو و وێنەکانی وەک ئەو ئەدوێت و نیشانی ئەدات. وێنەی زەینی پاش تێپەڕکردنی ئەم قۆناغە پێی دەڵێن (واتا)، یانی مەفهوم لەڕووبەڕووبوونەوە و بڵاوبوونەوە و گەشە کردنی واتاکان لەهەنگاوی یەکەمدا بڕیار دەخولقێ کە تا رادەیەک نیشان دەری پەیوەندی ورد و قوڵی واقعیەتە لەقۆناغی دووهەمدا، وەرگرتن واتە ئیستنتاج دەخوڵقێ لەوەرگرتن کەکۆمەڵێک بڕیارە، بەربڵاوترین و نزیکترینیان و راستترینیان وەک بڕیاری بەدەست هاتوو دێتە ئەژمار واتە (جێگیربوو)، (ئیستقراء) وە ئەم بڕیارە بەربڵاوە بەهۆی لێکچوونیەوە بەبڕیارە کۆنەکانی زەینەوە زەرورەتەکانی ئەو بڕیارانەش دەگرێتەوە بەم هۆیەوە وردیی ڕاشکاوی رونتری زۆر تیادایە. (واتە قیاس).

لەبەرئەمە (جێگیربوون) گەیشتن بەگشتیەت لە پاژەکانەوە، وە قیاس واتە فراوانی گشتیەت بەپێی وێنە ڕاستیەکانی ئەو کەلە هەموو وەرگرتنەکاندا هەن و لەیەک جیانابنەوە.

لەدوای وەرگرتن جەستە لایەنێکی دیاریکراو دەگرێتەخۆی، وەبەم پێیە (ئیرادە) دەکات و بە هۆیەوە لەلایەنێکی دیاریکراوەوە دەکەوێتە جووڵە، لەم دۆخەدا ئەتوانین بڵێین کەئەزمون یانی ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و ناسینی سەرەتای و، بڕیار و عەمەل کۆتایی و ژیا نی زەینی مەودای نێوان ئەم دووانەیە.

قۆناغی یەکەمی ناسین، ناسینی هەستیە بەشێوەیەکی گشتی دەگاتە دووهەم. واتە ناسینی ژیری، بەڵام لەژیانی رۆژانەدا زۆربەی کات پێش دێت کەجیاوازی دەکەوێتە نێوان قۆناغی یەکەم و قۆناغی دووهەمی ناسینەوە، یان بەتەواوی ناسین لە قۆناغی یەکەمی تێناپەڕێت وەهەروەها رەوندە جیاوازەکانی هەرقۆناغ بەخێرایی و هێواشی یەکسانەوە تێناپەڕێ درککردن هەندێکات زۆر بە توندی و خێرایی روئەدات، برِێجار هەست و نەست واتە عاتیفە توند دەبێتەوەو خۆی دەردەخا، برِێکات درک و زانین خۆی نیشان ئەدات و توند دەبێتەوە و دەست دەگرێت بەسەر عاتیفەدا. رەوەندەکانی ناسین برِێجار بەشێوەیەکی رێکوپێک تێدەپەرن و روئەدەن برِێجار لەیەکێ لەرەوەندەکاندا وەستان یان هاوسازی روئەدات، رەنگە کەسێ پاش زانین و درککردنی کارێ، شتێ لەوەرگرتن

نەگات و ساڵەها پاش ئەو رووداوە کتوپڕ لەخەودا یان لەهۆشیاریدا بگاتە ئاکام و وەرگرتن، هەر بەمشێوەیە رەنگە کەسێ قۆناغەکانی رەوەندی ناسین بەخێرایی ببڕێ و لە کارێکی دژوار و ئەستەمدا زوو بگاتە ئاکام و وەرگرتن، ئەمە لەکاتێکدایە کەڕەنگە لەکاتێکی تردا نەتوانێ بگاتە ئاکام و ئەنجام.

مێژووی زانست و هونەر لەم بوارەدا نمونەی زۆری نیشانداون (تار تی نی) ئاهەنگسازی بەناوبانگی ئیتاڵی شێوەو سیمای تەواو و کۆتایی ئاهەنگە بەناوبانگەکەی خۆی (سۆنای شەیەتانی) لەخەودا رێکخست، وە (ئەرەش میدۆس ) زانای پێش زاینی یۆنانی بەبەخت و کتوپڕ لەگەرماودا توانی یاسایەکی گەورەی زانستی بدۆزێتەوە.

ناسینی کتوپڕ چ بەرهەمی خێرای عەمەل و کتوپڕی بێت، چ بەرهەمی بیرکردنەوەکانی پێشوو بەباوەڕی ئەوکەسانەی کەڕایەکی کەرامەت بێنانەو موعجیزەسازانەیان هەیە، کارێکێ یەکجار سەرسوڕهێنەر و شاکارە.

خاڵێک کەبۆ باسەکەی ئێمە لێرەدا گرنگیەکی سەرەکی و زۆری هەیە، ئەوەیە کەهەر ناسین خاوەن دوو هەوێنی

ژیری و عاتیفەیە ناسین بەهۆی ئەوەوە کەخۆی بەرهەمی رووبەرووبوونەوەی جەستە و سرووشتە.

بەناچار لەهەردوکیان رەنگ دەگرێت هەم لە دنەدەرە دەرەکیەکان ئەدویٚ هەم رەنگدانەوەی دۆخەکانی ناوەوەیە، درککردن رەنگدانەوەی واقعییەتی دەرەوەیە وە عاتیفە نیشانەی کاردانەوەی مرۆڤە لەبەرامبەر دەرەکیدا لەژیان و مانەوە زیندووبوون و جووڵانەوەی بەدەنی، مرۆڤ ئەدوێت عاتیفەکان ئەوەدەسەلمێنن کەزەین شڵەژاو نیە وەپەیوەندیە زەینیەکانی مرۆڤیش لەکۆمەڵێک وێنەی مردوی ماشێنی پێکنایەت، بەڵکو هەر درککردنی بە هەڵنانی ئورگانیزم دەبێتە خاوەنی مانا و نرخ پەیدا دەکات و، گۆرانکاریەک لەزەینی مرۆڤدا دروست دەکات، هەر زانین و هەستی نیشاندەری پەیوەندیەکی نویٚ یە لەنێوان ئۆرگانیزم و شوێنگەدا ئەم دووانە هەمیشە بەیەکەوەن زانین واتە رەنگدانەوەی دنەدەرەکانی دەرەوە، بەردەوام لەگەڵ هەستدایە واتە ئەو کاردانەوە کەدنەدەرە شوێنگەیەکان لە ئۆرگانیزمدا دروستی دەکەن.

ئەوەی کەدەزانریٚ بیٚ شک لەگەڵ ویستی ئورگانیزمدا هاوڕێیەو، هەست و نەستی تێدایە. ئەگینا ئورگانیزم روی لێدەگێڕا و قبوڵی نەدەکرد. هەرهەستیٚ کەلەئێمەدا

دەردەکەوێت و چرۆ دەکات، بێگۆمان هاوڕێیە لەگەڵ زانیندا ئەگەر نەبونی بۆئێمە رون و دیار نەبووە لەهەموو کاتێکدا هەم هەستیە و هەم زانینییە، بەتەنیا رادەی ئەم دووانە لەهەردوو جیاوازەکاندا فەرق دەکات، هەندێجار عاتیفە دەست دەگرێ بەسەر زانیندا وەهەندێجار بە پێچەوانەوە. هەستی لەسەداسەد بێ خەوش وجوودی نیە، چونکە عاتیفەیە کەدووربێت لەڕەگەکانی زانین و رووت و تەنیا خۆی بێت، نیەو بە وجوود نایەت. هەستناکرێت زانینی تەواو ناب و دەرەکیش بێت، چونکە لەئیدراکاتێ بەدەست دێت کەدنەدەرێکی دەرەکی لەگەڵ ئۆرگانیزمدا رووبەروو دەبێتەوە کاری تێ دەکات و، کاردانەوەی لەسەری دەبێت، بەشێوەیەکی گشتی ناسین زۆرتر تێکڵاوی لەگەڵ عاتیفەدا هەیە، تا ناسینی ژیری. چونکە مرۆڤ بە شتە هەست پێکراوە پاژەییەکان گەمارۆ دراوە و، لەگەڵیاندا پەیوەندی نەپساوی هەیە.

لەم رووەوە ئەو زانینانەی کەمرۆڤ بەهۆی شتە هەست کراوە پاژەییەکانەوە بەدەستی دێنێ، بۆ مرۆڤ پڕ واتاو بەنرخە و، هاوڕێیە لەگەڵ عاتیفەدا. ئەمە لەکاتێکدایە کەلەواتا گشتیە دابڕکراوەکاندا بە دژواری ئەتوانن سۆنگەی عاتیفەی مرۆڤبن. بەڵێ چونکە ناسین

بەرهەمی رووبەرووبوونەوەی مرۆڤ و سروشتە، بەس کەوابوو ناسینی هەرکەس بەسراوەتەوە بەچۆنیەتی رووبەرووبوونەوەی ئەوکەسە لەگەڵ سروشت، لەم دۆخەدا هەرکەس بە پێی ئەزمون و تاقیکاریەکانی ژیانی خۆی، واتە ئەو رووبەرووبوونەوەی کەلەگەڵ سروشتدا دەیکات پلەیەک لەناسین بەدەست دێنێ، ناسینەکەی دەگاتە پلەیەک عارفەکان پێی ئەڵێین (راستی) وە واتە حقیقی، ناسینی یەکێکی تر بەو پلەیە دەگات کەپێ دەڵێین لەبارچوو، واتە (سەقیم)، هەروەها گەلێجار رەنگە وا پێشبێت کەناسینی کەسێ لەکەسێکی تر دروستتر بێت، لەبارەی شتێکی هاوبەش و دیاریکراوەوە لە وشەگەلێ (راست، لەبارچوو، راستتر)دا دەردەکەوێ کە دەتوانین ناسین هەڵسەنگێنین.

لە کاتیکدا کەچینی زۆرینە مەودا وکاتی ئەنجامدانی جوڵانەوەی نەزەری دابڕاو سەربەخۆی نیە، چینی کەمایەتی بەهۆی دووری لەژیانی عەمەلییەوە بەشێوەیەکی ئاسایی لەرێ لائەدات و لە کۆشکی خەیاڵدا هەواری خۆی دەخات و، لەبورجی عاجی خۆیدا جێگیردەبێ، پەیوەندی راستەوخۆی چینی زۆرینە بەژیانی عەمەلیەوە لەجەنگەی کار و کۆششدا بەدەست دێت،

ئەم چینە لەبنەڕەتدا واقع گیرایەو ڕوو لەواقع دەکات، بەس کەوابوو بوونی دووجۆر هونەری جیاواز لەکازیوەی شارستانیەتی مرۆڤەوە شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراونیە، لە لایەکەوە هونەری سادە و ساکار و واقعگیرایانەی مەردم و لەلایەکی ترەوە هونەرە دروست کراوەکان و دوور لەواقعەکانی خەواس یان چینی سەرتەڵ.

لەم دۆخەدا ئەتوانین بڵێین هونەری سەرەتایی کە رەوەندێکی یەکگرتووە، یەکێ لەهۆیەکانی بەرهەمهێنانی سەرەتایی بوو، ڕاستەوخۆ ویستەکانی کۆمەڵگای بەجێ دەهێنا. هونەری پێشکەوتوی تایبەت خاوەنی دوو رەوتە، هیچ کام لەم دوو رەوتە بەتایبەتی رەوتی چینی سەرتەڵ بەهۆیەکی راستەوخۆی خوڵقێنەر دانانرێت، لەبەرامبەر هونەری سەرەتایدا کەتایبەتمەندی گشتی هەبوو وەبەشێک بوو لەژیانی کۆمەڵ و هۆیەکی گرنگ بۆ بەرهەمهێنان و مانەوەی باش و تەندروستی کۆمەڵ، هونەری تازەو پێشکەوتوی دوای ئەو هونەرە، ئیتر هونەری هەموو کۆمەڵ و کۆمەڵگا نیە، بەڵکو هی یەکێکە لە چینە کۆمەڵایەتیەکان و هونەری هەرچینە رەنگدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی ئەودەستەو تاقم و چینەیە، هونەری کەمایەتی بەپێچەوانەی هونەری سەرەتاییەوە واقعگیرا

نیە، بەڵکو لەواقعییەت ڕادەکات و هەڵدێت، گیاندار و زیندوو دینامیک نیە، راوەستاو بێ گیان و ئێستایە، رواڵەت خواز و نەریت ویستە. هونەری کەمایەتی جێگای هونەری واقعگیرای سەرەتایی دەگرێت و دەبێتە هونەری رەسمی کۆمەڵگا.

کەم تا زۆر هەر لەهونەری زۆربەی گەلدا دەمێنی و خۆی دەردەخات بۆنموونە رەوەندی هۆنراوە دەخینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگای (سەرەتایدا زۆربەی کارەکان لەدرێژەدان و بەردەوام بوون و نەبڕانی یەک لەدوای یەکی) کۆمەڵی جووڵانەوەی لێکدراو دروست دەبوو، بەم پێیە جووڵانەوەی جەستە هەروەها دەنگێکە لەگەلو دەردەچوو بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی کێش بوو، مرۆڤی سەرەتایی کەهێشتا بەڕادەی پێویست تەڕدەست و کاردان نەبوو، وەک منداڵ لەهەرکارێکدا هەموو ئەندامەکانی لەشی خۆی بەکاردەهانی، هەتا ئەوئەندامانەی جەستەی بوون بەهۆی ئەوەی کەجووڵانەوەی گەلوو هەمووکات لەگەڵ جووڵانەوەکانی سەر و دەست و پێیدا و ئەنداماکانی تردا هاوساز بێت، هەروەکو ئێستا کەمنداڵان لەکاتی نووسیندا بەپێی خێرایی

دەستی خۆیان زبانیشیان دەجولێنن و وشەو نووسراوەکان بەدەنگی بەرز دەڵێنەوە.

خەڵکی هۆزە سەرەتاییەکانیش کاتی قسەکردن نە تەنیا لێو و دەم، بەڵکو زۆربەی ئەندامەکانی لەشی خۆیان دەجولێنن، لەکۆمەڵگا سەرەتایەکاندا ئەم دوو جۆرە جووڵانەوە بەتەواوی بەیەکەوەبوون کاتی زەمزمەکردن کەپێویستی بەجووڵانەوە بوو ئەندامەکانی لەش هەبوو، لەسەرەتاوە تەنیا بەئەندازەیەک دەستیان دەجووڵانەوە کەمیسریە کۆنەکان {وورەنگە}یان ناونابوو، دەستبازی کە وابوو کارەکانیش دارەکانی مرۆڤی سەرەتایی دوو لایەنی هەبوو لایەنی جووڵەو لایەنی دەنگی، لایەنی جووڵەیی بوو بوو بەهۆی لەدایکبونی هەڵپەرکێ و سەما، لایەنی دەنگی بووبەهۆی دروست بوون و خوڵقاندنی مۆسیقا، هاواری کار بوو بەگۆرانی و دەنگ، ئامراز و ئامێرەکانی مۆسیقا، بەڵام پاش لێکچڕانی هاوسازی سەرەتایی وەیەکێتی سەرەتایی کۆمەڵگاو جیابوونەوەی پراکتیک لە را و هزرو، بەرهەم لەجادوو، بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەک سەما و مۆ

مۆسیقا و وێنەسازی و رووسازی کەوتنە بەر کوتەکی لێکجیابوونەوە و دابڕان، وێنەکێشی و پەیکەرسازی و

سەما و مۆسیقا ئیتر یەکێک نەبوون و بەگرێدراوی ژیانی عەمەلی نەبوون، لەئاکامی ئەمەدا مرۆڤ تاڕادەیەک توانی بەسەر شوێنەگەی خۆی و پەیوەندیەکانیدا زاڵبێت، پێویستی بەجادوو نەما و کەم بوەوە، لەئاکامدا هونەرەکانیش لەکاری هاوبەشی بەرهەم دوورکەووتنەوەو، لەیەک جیابوونەوە، لەوەوپێش سەما و مۆسیقا لە پەیکەرتاشی و پەیکەرسازی جیانەبوو.

بەم مانایە، کەئەندامانی کۆمەڵگای سەرەتایی بەپێی چۆنیەتی و هاوسازی رواڵەتی گیاندارانی (تووتمی) پەیکەرەکانیان دروست دەکرد و بۆخۆیان رووپۆش و نقابیان دروستکرد و، بەخاڵ دەیانڕازاندەوە و لەپاشان بەدەوری گیانداری تووتمی دا دەکەوتنە سەما و هەڵپەڕکێکردن و سرود خوێندنەوە، بەڵام پاشان بە لەیەکجیابونەوەی کارەکانی کۆمەڵگا هەرکام لەجوڵانەوەکان بەجیا ڕێگایەکی سەربەخۆ و تایبەتیان بۆ خۆیان گرتەپێش.

کاری جووڵەیی لەکاری دەنگی جیابوەوە، مرۆڤ بەهۆی ئەزمون و چوونە سەرەوەی توانایی و بەدەست هێنانی لێهاتوویی بەسەر ئەندامەکانی لەشی خۆیدا زاڵ بوو، توانی لەهاوبەشیکردن و بەکارهێنانی هەموو ئەندامەکانی

تری لەشی بەرگری بکات. بەس لەلایەکەوە نەقاشی و پەیکەرسازی لەمۆسیقا و سەما جیابوونەوە، وە لەلایەکی ترەوە سەما لەمۆسیقا دوورکەوتەوە و لەلایەکی دیکەوە مۆسیقی ئامێری و سازی لەمۆسیقی گۆرانی و دەنگی زەمینەی جیابوونەی ئامادەبوو. مۆسیقای سەرەتایی بوو بە مۆسیقای ناب، ناوەڕۆک یا مادەکەی بریتی بوو لە گۆرانی بەواتەیەکی تر، بەهۆی درێژەی دابەش بوونی کارەوە ناوەڕۆک لەفۆرمی بنەڕەتی خۆی جیابووەوە و هۆنراوەی سەربەخۆ سەری هەڵدا و خوولقا.

هونەرە سەربەخۆ تازەخولقاوەکان ئیتر بەشی جیانەکراوەی رەوەندی بەرهەمهێنان نەبوون، وە ئەرکە گران و پرمەترسیەکانی پێشوویان بەسەرشانەوە نەمابوو، بەڵام هەلومەرجی تازە و پێداویستە تازەکان کۆمەڵێک ئەرکی تازەی خستە ئەستوی سەما و مۆسیقا و هۆنراوە، وە هەروەها فۆرمالیزم لەگەڵ ئەوەی دا کەلەزەمینەی ژیانی عەمەلی کۆمەڵگا دووربووبوونەوە، بەڵام دیسانەوە بوونیان بێکەڵک نەبوو، بەڵام ئیتر لەهۆیەگرنگەکانی رەوەندی کار نەبوون، لەگەڵ ئەمەشدا وەک سەرەتاو بزوێنەری درێژەدەری کار درێژەیان بەخۆیان دا و شتێکیان

بەمروڤ بەخشی، کەبەڕاستی پێویستی ژیانی و گرنگیەکی زۆر بوو بۆی.

مرۆڤ لەڕەوەندی مێژووی خۆیدا بەردەوام بە مەبەستی ئارامش و بەختەوەری خۆی لەهەوڵ و کوششدا بووە، تابتوانێت سروشت دەستەمۆ بکات و بەپێی ئارەزو و پێویستەکانی خۆی بیگۆڕێت. هەوڵی داوە کە بێبەرنامەیی سروشت و لافاوە تووندو وێرانکارەکانی بازاڕی سروشت دامرکێنێتەوە و بگاتە ژیانێکی بەختەوەرانەی ئارام و رێک و باوەڕپێکراو. مێژووی ژیانی مرۆڤ سەرانسەر داستانی هەوڵ و کۆششی بێپسانەوەی مرۆڤە بۆگەیشتن بەهاوسازی و رێکوپێکی و هاوکێشەیەکی رێکوپێک لەشوێنگەی سروشتی و دونیای کۆمەڵایەتی و جیهانی زەیندا، هەموو ئەو هونەرانەی کەپێیان ئەوترێ جوان و وێنەیەکە لەهاوسازی و رێکوپێکی بەمرۆڤ دەبەخشی، ئەم هاوسازیە لەهونەرە شوێنگەییەکانی (پەیکەرتاشی و پەیکەرسازی و...) ناو دەگرێت و لە هونەرەکانی زمانیدا وەک مۆسیقا و هۆنراوە وەزن و بار دەگرێت.

مرۆڤ لەهەر پلە و رادەیەکدابێت هەمیشە بۆ زۆر کردن و قووڵترکردنەوەی تێگەیشتن و رێکوپێکی ژیانی خۆی تێدەکۆشێت لەم رووەوە مرۆڤ ناتوانێ لەهونەرە

جوانەکانی راکات و دوورکەوێتەوە ئەم پێویستیە بۆ مرۆڤی سەرەتایی کەکەمتر لەمرۆڤی ئەمڕۆ دەستی بەرێکوپێکی گەیشتبوو گرنگی و ئەهەمیەتێکی ئاشکراتری هەبوو.

بەڵام شارستانیەکان لەم ڕەووت و مەودای بێ نیازییە دوورکەوتنەوە. تێگەیشتن و ناسینی کێش و رێکوپێکی چێژو حەز بەخشە، چوون هۆ و نیشاندەری زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر سروشتدا، هەروەکو وترا کاتێ کۆمەڵێک بۆبەدەستهێنانی مەبەست یان لابردنی مەترسی بەیەکەوە کاردەکەن ئەم هاوسازیە لەخۆوە دروست دەبێت و هەست پێدەکرێت، هەرلەم رووەوەیە کەهەست و نەستێکی هاوبەش لەهەمواندا دروست دەبێت و کاری هەرەوەزی ئاسان دەکات. بەڵام کۆمەڵ پاش دوور کردنەوەی ترس وە یان گەیشتن بەمەبەست ناتوانێ هەمیشە بێ ترس و خەیاڵ دانیشێ و هەواری حەسانەوە لەسێبەری باوەڕدا هەڵدا، چوون هەرکات بۆی هەیە کەمەترسی بگەرێتەوە یان مەبەست باڵی فڕین دەربێنێ، کەوابوو هەمیشە و بەردەوام پێویستە و لایەنی رەوانی ئەم ئامادەیە بەهۆی هوونەرەکانەوە دابین دەکرێت، سەما و ئەوگۆرانیانەی کەتایبەتی کارەجۆراوجۆرەکانی راو و شەڕ و چاندن و دروێنەن بەهۆی ئەوەوە کەهەست و نەستێکی

هاوبەش لەهەمووواندا دروست دەکەن هەمیشە دەستە و کۆمەڵ ئامادەی خەبات و هەوڵ دەکەن و، دەیهێڵتیەوە، بەرهەمە هونەریەکانی هەر کۆمەڵێک کەبەهۆی ناوەڕۆکی خۆیەوە کەبریتیە لە کۆمەڵێک ووێنەی زیندووی ژیانی ئەوکۆمەڵە و بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵ کەم تا زۆر مانایەکی هاوبەشی هەیە، بیر و هەست و نەستێکی وەک یەک لە کۆمەڵدا و لە بیریاندا دروست دەکات و، بە هۆی فۆڕمی خۆیەوە کەخاوەن کێش یا سەرواوە بەم بیر و هەستە کێش و ڕێکوپێکی دەبەخشێ. لەئاکامدا لە نێوانیاندا هاوسازی و هاوڕایی دروست دەبێت. هونەرەکان سەرەڕای ئەم سوودە گشتیە هەرکام بۆ خۆیان دەبنەهۆی دروستبوونی هەندێ هۆی شارستانیەتی تازە کەبۆ نموونە نووسین لە پەیکەرتاشی و پەیکەرسازیەوە سەری هەڵداوە، ئامێرە مۆسیقاییەکان دەبنەهۆی پەیوەندی نێوان ناوچە دوورەکان و لەمانە گرنگتر زمانی هونەرانەی سەرەتایی لەباوەشی خۆیدا زمانێکی دیکە بەرهەمدێنێ، کەتوانای گواستنەوەی بیری ورد و چەسپاو و دروستی هەیە.

زمانی سەرەتایی کە لەڕەووەندی کاری بەکێشی بەکۆمەڵدا لەهاواری کار دروستبوو، ئەفسوونی و دنەدەرو هۆنەرانە بوو، هەست و نەستی کۆمەڵی بۆ ئەنجامی کاری

هاوبەش ئامادە دەکرد و کۆمەڵ پاراو دەکات لەهەستی باوەڕو و توانای دەروونی.

ئەم زمانە وەک زمانی هەستیی، بەڵام بێ مانای منداڵ وا بوو (پیاژە) منداڵناسی بەناوبانگ روونی دەکاتەوە کەدەنگە سەرەتایەکان کەمنداڵان لەخۆیان دەینوێنن.

نیشانەی هیچ مەبەستێک نیە، بەڵکو بەهۆی ئەو هەڵچونانەوەیە کەلەیەکێ لەکۆئەندامانی لێو و دەم و گەرودا دروستی دەکات، لێو دۆخی مژین بەخۆیەوە دەگرێت، سەرەتا ووێنەی (م)وە لەپاشان دژوارتر دەبێت وەکوو (ما)وە (ماما) و (مەمە)، لەخۆوە دروست دەبێت و تەنیا بەهۆی هەڵچووەکانەوە و ئارەزوو فیزیۆلۆژیکەکانی منداڵەوەیە.

لەبەرامبەر زمانی هۆنەرانەی سەرەتایدا زمانی کە لەقۆناغەکانی دوای پێشکەووتندا دروست دەبێت، بە پێی گۆڕانکاری و پێویستیە نوێیەکانی کۆمەڵگا بۆ بەراوردکردنی پێداویستیە غەیرە هەستیەکانی بە تایبەت پێداویستی تێگەیشتن و ناسین و گۆڕانەوە و گۆزاتنەوەی بیروڕاو و زانیارییەکان بەکاردێت، زمانی نوێ بەپێچەوانەی زمانی پێشوو ئەفسووناوی نەبوو وە نیە، بەڵام لەتایبەتیەکانی زمانی پێشوو بەتەواوی دابڕاو و بێبەش نییە. لەگەڵ

ئەمەشدا ئیتر گیانی پڕ لە هەست و نەستی کۆمەڵی تیادا بەرچاو دیار نیە.

بەڵکو بەپێچەوانە خاوەنی تایبەتمەندی ژیری و تاکە کەسیە، کەوابوو دەبێ بڵێین زمانی ئاسایی لاوتر و جوانترە تا زمانی هۆنراوە.

لەکۆمەڵگا سەرەتایەکانی کۆن و ئێستادا زۆربەی کات دەستەیەک کۆدەبنەوە بەپێی جۆری کارەکەیان دەست دەکەنە ورنگەکردن، وە گۆرانیەک دروست دەکەن لەپاشان ئەم گۆرانیە دەگاتە گوێی کۆمەڵێکی تر و ئەوانیش دەیلێنەوەو راستەوخۆ لەم زارەوە بۆ ئەو زار دەڕوات و لەم رەوتەدا گۆرانکاری بە سەردادێت، هەندێجار گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش لە کەسێکی دەبیستێ و بڵاوی دەکاتەوە، بەمپێیە پاش ماوەیەک بەهاریکاری کۆمەڵێکی زۆر گۆرانی مەردم دروست دەبێت _فۆلکلۆر_ کە(هەرپ) پێیدەڵێت سروودی زیندوو، ئەم سروودە زیندووانە چون بەهۆی خەڵکەوە لەمەیدانی ژیانی واقعی و بەرهەمهێناندا دروست دەبێت، وە دەخوڵقێ و هەڵقوڵاوی ژیانی کار و زەحمەتە، واقعگیرا و گیاندار و ساکار، هەر وەکو ئێرانی سەردەمی ساسانیەکان {تەرا نەک} بەهۆنراوەی خەڵکی سادە وساکار دەژمێردرا، بەپێچەوانەی

هۆنراوەی خەواس و چینی سەرتەڵ ساکار و بێگرێ و گۆڵ بووە، وەهەموو کەس بەسادەیی لێی تێدەگەیشت.

بەڵام خەواس و چینی سەرتەڵ، بەهۆی دووریانەوە لەمەیدانی کار و کۆشش، ئەوبەرهەمە هونەریانەی کەدەیخوڵقێنن دوورە لەگیانی کۆمەڵ و واقعگیرا نیە، بەهۆی جیاوازی ئەوان لەژیانی کۆمەڵگا و دوورکەوتنەوەیان لەژیانی کۆمەڵایەتی و بەهۆی لێهاتوویی و دابەشبوونی کارەوە و هۆنراوەی خەواس و سەرتەڵ لەواقعییەتە کۆمەڵایەتیەکان دوور دەکەوێتەوە و پشتی تێدەکات، ئەم رەوەندە تا رادەیەک درێژە دەکێشێ، کەسەرئەنجام ئەم هونەرە لەدەستی تاقمێکی دیاریکراو و پسپۆردا خۆی دەبینێ و هۆنەرانی پسپۆری بۆ دروست دەبێت و دەبێتە هاوار و هەست و نەستی تاکەکەس و لەبری هاواری ئێمەی کۆمەڵگای سەرەتایی دەبێتە دەنگی هاواری تاکەکەسی و هۆنەرەکەی.

سەرچاوەکان

١ – تامسۆن.
٢ – ئوستوورەناسی مەلیک ولشوعرای بەهار.
٣ – باسێ لەسەر کۆمەڵناسی ئەدەبیات ئاریان پوور.
٤ – سەرهەڵدانی باوەڕ و هۆنەر جی.دی. moorگان.

پێداچوونەوە و ئامادەکردن و وەرگێرانی:
جەلیل ئازادیخواز

تێبینی:

ئەم دەقە، چوون لەگەڵ بابەتەکە تەبایە و یەک چەمکە، بەباشم زانی هاوڕێی ئەم دەقانە بڵاوبێتەوە.